دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨١٠، شەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی، ٦ی نۆڤامبری ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com

**پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات**
**بۆ کۆنگرەی سوسیال دێموکراتەکان لە وڵاتی سوئید**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نامەی پیرۆزبایی ئاراستەی کۆنگرەی سوسیال دێموکراتەکان کرد و لەو پەیامەدا، هەڵومەرجی کوردستان و قەیرانەکانی ئێرانی شی کردووەتەوە.**

درێژە لە لاپەڕەی٢



**وتەکانی لێپرسراوی گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە قوتابییانی نێو شۆڕش**

٤



**گەرمبوونی زەوی کێشەی هاوبەشی مرۆڤایەتی**

٦



**بودجەمان لە حەوزەی عیلمیە کەمە و لە هەژاریدا دەژین! تکایە زیادی بکەن**

٨



**دیمانەی کوردستان**

١٠

# زستانی سارد و کەمتەرخەمیی حکومەت



هەر کەسێک لە ئێراندا ژیابێ دەزانێ کە خەڵک لەو کاتانەی دەبێ متمانە بە دەوڵەت و دەسەڵات بکەن و پشتی پێ ببەستن زیادتر دەکەونە گێژاوی چی بکەم؟ چی بکەم؟ و زیادتر تووشی سەرلێشێواوی و دردۆنگی دەبن! هۆکاری ئەمەش ڕەنگە لە سەرەتاییترین ولامدا ئەو یادگە مێژووییە تاڵە بێ کە بەرامبەر بە نەخشی دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکان هەیانە کە هەر کاتێک پێویستییان پێی بوو ئەو نەبووە! و هەر کاتێک خەڵک پێویستییان پێی نەبووە ئەوا لە شەقامەکاندا زوڕنای بەدەستەوە بووە و خەریکی خۆفەڕزکردن و بانگەشە بووە.

ئەم ڕاستییەش ساڵانە و ئەو کاتانەی کە لە وەرزی زستان و سەرما و باران و تەڕوتووشی نیزیک دەبینەوە زیادتر بەرجەستە دەبێتەوە و خەڵک زیادتر ترسیان لێ دەنیشێ؛ ترس لەوەیکە تۆ بڵێی ئەمساڵ سەرما سەختتر لە پار نەبێ؟ تۆ بڵێی ئەمساڵ نەوت و گازمان هەبێ تا لە سەرما ڕەق نەبینەوە؟

تۆ بڵێی ئەمساڵ لافاو ماڵمان وێران نەکا و بوومەلەرزە گیانمان لێ نەستێنێ؟ تۆ بڵێی ئەمساڵ سووتەمەنی هەبێ تا هاتوچۆکان ئاسایی بن و کەلوپەل و پێداویستییەکان هێندەی تر گران نەبن و دێوەزمەی گرانی هێندەی دیکە قوڕگمان نەگووشێ؟

ئەمانە و دەیان ئەگەر و پرسیاری دیکە کە دەبنە کەڵکەڵەی زەینی ڕۆژانەی خەڵک وەک ئاماژەی بۆ کرا پرسگەلێکی نائاشنا و نامۆ نین بۆ ئەو خەڵکەی کە لەم جوغرافیایە دەژین و کەم وا هەیە سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕانەکێشن! بەتایبەت ئەمساڵ کە هەروەک لە هاوینەوە بەرپرسانی پێوەندیدار هۆشدارییان داوە ئەگەری نەبوونی سووتەمەنی هەیە و دەبێ ڕێچارەی بۆ ببیندرێتەوە. بەڵام کێ بیر لەم ڕێگەچارە دەکاتەوە؟

بۆ نموونە وەزیری نەوتی ڕێژیم، جەواد ئەوجی لە ١٤ی خەرمانانندا پێشبینی کەمیی گاز لە وەرزی سەرمای کردووە و ڕایگەیاندووە: بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی هەنووکەیی مەسرەفی گازی سروشتی لە ئێران پێشبینی دەکەین کە ٢٠٠ میلیۆن میتری چوارگۆشە کەمیی گازمان لە وەرزی سەرمادا هەبێ.

گرینگی ئەم قسە لەوەدایە کە هەر لە وەرزی بەهاری ئەمساڵەوە کێشە و گرفتی کەمیی و تەنانەت نەبوونی بەرقیش یەخەی خەڵکی دادڕیبوو و ئەگەر تا سێ چوار ساڵ لەمەوپێش ئەم نیگەرانییە نەبوو کە لە سەرمادا تاریکیش هەیە، ئەوا ئەمساڵ دەبێ چاوەڕوان بین کە خەڵک وەک سەرەتاکانی دەیەی ٤٠ و ٥٠ بژین و تاریکیش ببێتە میوانی لەناکاویان و سێکوچکەی چارەڕەشییەکەیان کامڵ ببێت.

هەر لەمبارەوە موحسین تەرزتەلەب بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی بەرقی وزەگە حەرارەتییەکانی ئێران وێڕای نیگەرانی دەربڕین لە کەمیی سەرچاوەکانی سووتەمەنی شل و گازی لە ئێران ئەو ئەگەر و مزگێنییەشی داوە کە لە زستاندا بەهۆی کەمیی سووتەمەنی پێویست لەگەڵ گرفتی جیددی بۆ دابینکردنی بەرق بەرەوڕوو دەبنەوە!

هەرچەند ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە هیواداره ئەمساڵ کەشوهەوا زۆر سارد نەبێت! تاکوو خەڵک زۆر پێویستییان بە ئامێرەکانی گەرمکەرەوە و بەو هۆیەشەوە سووتەمەنی نەبێت. ئەمەش بەو هۆیەوە کە خۆی باش دەزانێ قەیرانەکە زۆر لەوە قوڵترە کە بیانهەوێ یان بتوانن لای خەڵک باسی بکەن.

بەڵام کێشەکە تەنیا بەوەندە کۆتایی پێ نایەت؛ ئەزموونی ساڵی ڕابردوو دەری خست کە خودی نەبوونی بەرق و سووتەمەنییەکان لە ڕەهەندێکی دیکەشەوە خەسارهێنەرە!

زستانی ساڵی ڕابردووش پچڕانی گاز و چوونەدەری وزەگەکان لە سیکلی گازی، بووە هۆکارێک لەمەڕ پچڕانی بەرقی تاران و زۆرێک لە شارەکانی تر کە ئەمە وزەگەکانی ناچار کرد بۆ دابینکردنی بەرق لەباتی گاز کەڵک لە «مازووت» وەربگرن کە ئەم جێگوڕکێیە بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ پیسبوونی خێرا و توندی هەوا لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران! و زۆر کەس بەو هۆکارە یان تووشی نەخۆشییەکانی سی و هەناسەکێشان بوون یان گیانیان دا و بوونە قوربانی نالێهاتووییەکانی ڕێژیم.

ئیتر لەم نێوانەدا کاتێک کە بزانین ساڵی ڕابردوو وزەگەکانی ئێران بڕی ٢,٢ میلیارد لیتر سووتەمەنی پاشەکەوتیان هەبووە و تووشی ئەم حاڵە بوون، بەڵام ئەمساڵ ئەم ڕێژەیە بۆ ١,٧ میلیارد میتری چوار گۆشە دابەزیوە زیادتر دڵەڕاوکێمان تووش دەبێ!

لەم نێوانەدا ئەوەیکە جێی داخە و دەبێ خەڵکانی ئێران هەڵوەستەی زۆرتری لەسەر بکەن ئەوەیە کە لەحاڵێکدا ئەوان دەبێ لەگەڵ کەمیی سووتەمەنی و بەرق بەرەوڕوو بن و کەڵکەڵەی سەرما و نەبوونی بەرق و سووتەمەنی بۆ خۆگەرمکردن دەبێ بخەنە پاڵ گرفتارییەکانی تری ژیانیان، ئەوا خەڵکی لوبنان لە سێبەری ڕەحم و بەزەیی سەرانی کۆماری ئیسلامی حەساونەتەوە و بە سامانە سروشتییەکانی خەڵکی ئێران دوور کەوتوونەتەوە لە دڵەڕاوکێی بێبەرقی و بێنەوتی و بێبەنزینی!

لەحاڵێکدا بەرپرسێکی لوبنانی ڕایگەیاندبوو کە تووشی بێبرقی بوونەتەوە، خێرا و بێ یەکودوو لە تارانەوە بڕیاری گەیاندنی تانکەری نەوت و بێنزین و سووتەمەنی دیکە لەسەر داوای حیزبوڵڵای لوبنان بۆ ئەم وڵاتە دەرکرا و وەک شانازییەکیش وێنە و فیلمەکانی لەلایەن ڕاگەیەندنەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاو کرایەوە.

ئەم ئەو حەقیقەتە تاڵەیە کە ئەمساڵ خەڵک لە ئێران دەبێ ئەزموونی بکەن: زستانی سارد، کەمیی سووتەمەنی و بێخەمبوونی دەسەڵات.

## پەیڤ

### هاواری چۆڵەوانی

**کەریم پەرویزی**

مرۆڤ لە پیاسەی ئەم جیهانەدا زۆرجار هەست بە تەنیابوون دەکات. ئەو هەستی تەنیاییە هەندێ کات لەبەر چۆڵەوانیی دەوروبەرکەیە و هەندێ جاریش بەهۆی گرفتە دەروونییەکانەوە کە بەرەوڕووی دەبێتەوە، پێی وایە لەم جیهانەدا تەریك کەوتۆتەوە و گومانی لە هەموو شت و هەموو کەس هەیە.

هەستی تەنیایی لە چۆڵەوانیدا زۆرجار ئێخەی کەسانی کەم تەمەن دەگرێ کاتێك لە کۆڵانێکی تاریك و چۆڵدا تێدەپەڕن یان بە شوێنێکدا ڕێ دەکەن کە کەسی لێ نییە و نیگەرانی و ترس سەرتاپایان دادەگرێ و بۆ ئەوە دەنگە دەنگێك ساز بکەن تاکوو هەستی تەنیاییەکەیان برەوێتەوە، لە خۆوە دەست دەکەن بە هاوارکردن و بە دەنگی بەرز قسەکردن. ئەم هاتوهاوارە، دەنگێکی دلێر و ئازا نییە تاکوو دوژمنەکانی بتۆقێنێ بەڵکوو هاواری ترس و زەندەقچوونە تاکوو گوێی لە هاواری خۆی ببێتەوە و هەندێ وره بە خۆی بدات.

ماوەیەکە کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت سوپای پاسدارانەکەی ڕێك لەو دۆخەدا چەقیون و هەستی تەنیاییەکی زۆر توند دایگرتوون! ئەم تەنیاییەی کۆماری ویلایەتی فەقیهی هەر دوو لایەنی تەنیاییەکە دەگرێتەوە، چوونکە هەم لەبەر کردەوەکانی بەتەواوی تەریك کەوتۆتەوە و لەو تەنیایی و تەریککەوتنەوە زۆر دژوارەدا هەست دەکات هەموو دونیا بوونەتە دوژمنی و وەهمی پیلان دایگرتوون! پێیان وایە هەموو کەس و هەموو شوێنێك لە پیلاندان بۆیان و بۆیە دەبینی لە کردەوەیەکی لەناکاودا دۆستایەتی و پێوەندیی چەندین دەیەی لەگەڵ لایەنەکان دەدۆڕێنێ و بە قسە و لێدوانێکی نابەجێ، کێشەی سیاسی و دیپلۆماتیك و تەنانەت نیزامیش بۆخۆی دروست دەکات.

نموونە بەرچاوەکانی لە ماوەی ڕابردوودا، لەگەڵ تورکیە و ئازەربایجان و عێراق و ... بینیومانە کە وای لێ هاتووە، خامنەیی و باندەکەی، دەڵێی سیرەیان لە خەرمانی خۆیان گرتووە!

لەلایەکی دیکەوە ئەو هەستی تەنیایی و تەریك کەوتنەوە، ترسێکی قووڵی لە لایان دروست کردووە و هەروەکوو ئەو منداڵەی بە تەنیایی لە چۆڵەوانییەکدا دەڕوا و دەست دەکات بە هاتوهاوار بۆ وەرەدان بە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# لە ڕێوڕەسمێکدا ڕێز لە قوتابییانی سەرکەوتووی نێو شۆڕش گیرا




بە بەشداریی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و قوتابییە سەرکەوتووەکانی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠ - ٢٠٢١ و هەروەها بنەماڵەکانیان، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا ڕێز لە قوتابییانی سەرکەوتووی نێو شۆڕش گیرا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێک لەلایەن کۆمسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتەوە بۆ ڕێزگرتن لە قوتابییانی سەرکەوتووی نێو شۆڕش بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، چەند وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

«هیجری» لە قسەکانیدا ئاماژەی بە سەختیی دۆخی خوێندن لە ماوەی تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بەتایبەتیش بۆ خوێندکاران و قوتابییانی نێو ڕیزەکانی شۆڕش کرد و هەوڵ و ماندووبوونی مامۆستایان و خوێندکاران و قوتابییانی لەم بارەوە بەرز نرخاند.

لێپرسراوی گشتیی حیزب لە بەشێک لە قسەکانیدا وتی: «ئەو کێشە و گرفتانە و ئەو سەرکەوتنانە پەیامێکی پێیە، بەو مانایە کە ئەگەر مرۆڤ ئیرادەی بەهێز بێت و بەرنامەی ڕێکوپێکی هەبێت، کۆسپەکان ناتوانن ڕێگریی لێ بکەن، بۆیە لە کاتی کۆسپ و گرفتەکانی ژیاندا، دەبێ لەباتیی بێهیوا بوون، ئیرادەی بەهێزمان هەبێت و بمانهەوێت بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بین.»

«هیجری» لە درێژەی قسەکانیدا وێڕای ئاماژەدان بە دۆخی نالەباری خوێندن لە ڕۆژهەڵات و وازهێنانی خوێندکاران و قوتابییان بەهۆی نەبوونی ئیمکانات لە خوێندن، دەستخۆشیی لەو بنەماڵانە کرد کە سەرەڕای هەبوونی کێشەکان هەوڵیان داوە منداڵەکانیان لە خویندن دوا نەکەون.

لێپرسراوی گشتیی حیزب لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لە خوێندکاران و قوتابییانی سەرکەوتووی نێو ڕیزەکانی شۆڕش و بنەماڵەکانیان کرد و ڕایگەیاند کە هەتا زیاتر دەستمان بە خوێندن و زانست بگات، زیاتر دەتوانین خزمەتی وڵاتەکەمان بکەین.

لە بڕگەی دواتردا، لەوحێکی ڕێزلێنان پێشکەش بە بەڕێوەبەری خوێندنگەی ڕۆژهەڵاتی بنەڕەتی کرا.

دواتر خوێندکارانی سەرکەوتوو و هەروەها قوتابییانی سەرکەوتووی پۆلی ١٢ لەلایەن لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە، لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا کە بریتی بوون لە: «ژیلا نیکجوویان، فەریبا سەیفی، ئەوین زارعی، هاوڕێ حەیدەری، سیما ڕێواس، سیما عومەرزادە، هونەر حوسێنی و فەرزام مورادی».

لە بڕگەیەکی دیکەدا لەلایەن مەلا «ئەحمەد ڕەحیمی»، بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبەوە، لەوحی ڕێزلێنان بەسەر سەرکەوتووانی پۆلی ٩دا دابەش کرا کە بریتی بوون لە: «ئۆسکار حەمیدزادە، ژیروان حاجی ڕەسووڵی و پێشەوا قازی».

لە بڕگەی دواتردا، سەرکەوتووانی پۆلی ٦، لەلایەن «نەبەز ئەکرەم» بەڕێوەبەری خوێندنگەی ڕۆژهەڵاتی بنەڕەتییەوە لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا کە بریتی بوون لە: «ئارنگ ڕەحیمی، هێڤین پێشڕەو، ڕووکەن خالدی».

دەقی وتەکانی بەڕێز لێپرساوی گشتیی حیزب لەم ژمارەی کوردستان دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویست.

# پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بۆ کۆنگرەی سوسیال دێموکراتەکان لە وڵاتی سوئید

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نامەی پیرۆزبایی ئاراستەی کۆنگرەی سوسیال دێموکراتەکان کرد و لەو پەیامەدا، هەلومەرجی کوردستان و قەیرانەکانی ئێرانی شی کردووەتەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی خەزەڵوەر، ٤١مین کۆنگرەی سوسیال دێموکراتەکان لە شاری «گوتنبێرگ» دەستی پێ کرد.

پێشتر «ستێفان لوڤێن» سەرۆکوەزیرانی سوئید و ڕێبەری سوسیال دێموکراتەکان ڕایگەیاند کە هەم وەک بەرپرسی سوسیال دێموکراتەکان و هەم وەک سەرۆکوەزیران دەست لەکار دەکێشێتەوە. ناوبراو دواتر وەک جێگری «ماگدالێنا ئاندرسۆن» کە وەزیری ئابووری لە کابینەی «لوڤێن» بوو، دەستنیشان کرا.

ڕێکەوتی١٣ی خەزەڵوەر لەو کۆنگرەیەدا «ماگدالێنا ئاندرسۆن» وەک بەرپرسی سوسیال دێموکراتەکان هەڵبژێردرا و لەوە دەچێ تا هەڵبژاردنی داهاتووی سوئید ببێتە یەکەم سەرۆکوەزیری ژن لەو وڵاتەدا.

لەم وڵاتەدا دەستاودەستکردنی دەسەڵات زۆر بە ئاسانی ئەنجام دەدرێت و بە بێ کێشە و گرفت سەر دەگرێت، بەپێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

«ستێفان لوڤێن» دوای ١٠ ساڵ لە دەسەڵات جێگای خۆی بە «ماگدالێنا» دا و لەو کۆنگرەیەدا و بە گەرمی پیرۆزبایی گەرمی خۆی ئاراستەی ناوبراو کرد.

ئەمساڵ سوسیال دێموکراتەکان بە بێدەنگی کۆنگرەی خۆیان بەڕێوە برد. بەبێ ئەوەیکە هیچ حیزب و ڕێکخراو و دەوڵەتێک بۆ کۆنگرەکەیان بانگهێشت بکەن.

ئەم کۆنگرەیە لە ١٢هەتا ١٦ی خەزەڵوەر درێژەی دەبێت.

هۆکاری بانگهێشتنەکردنی وڵاتان و حیزبەکان بۆ ئەو کۆنگرەیە یەکەم کێشەی کۆڤید ١٩ و دووەمیش قەیرانی سوسیال دێموکراتەکان بووە.

هاوکات کێشەی دیکە وەک: «مافیابازی و تاقم و ئیسلامی سیاسی» بۆیان بووەتە گرفت کە خەڵکی سوئید لە دەسەڵاتدارییان وەڕەز بوونە و هەر بۆیە لە بواری ئاسایشەوە سوئید بەرەو ئاڵۆزی دەچێت. ئەو دۆخە وای کردووە کە حیزبی «ڕاسیستی دێموکراتەکان»ـی سوئید خەریکە دەنگی زۆرینە دەهێننەوە و ڕەنگە لە داهاتوودا دەسەڵات بەدەست بگرن.

سێ شاری گەورەی سوئید وەک «ستۆکهۆڵم، ماڵمۆ و گوتنبێرگ» ڕۆژ و شەو نییە کوشتنی تێدا ئەنجام نەدرێت. هەر بۆیە دەسەڵاتی «لوڤێن» لەو ١٠ ساڵەی دواییدا زۆر لەسەر مافیابازی کاریگەری و کۆنترۆڵی لەدەست دا تا بووە هۆی ئەوەی «لوڤێن» لە دەسەڵات دەست بکێشێتەوە.

لەو نێوانەدا حیزبی دێموکرات نامەی پیرۆزبایی ئاراستەی کۆنگرەی سوسیال دێموکراتەکان کردووە و لەو پەیامەدا هەلومەرجی کوردستان و قەیرانەکانی ئێرانیان شی کردووەتەوە.

سەرۆکی گشتیی سوسیال دێموکراتەکان لە سوئید ناوی «ئێڤا ماگدالێنا ئاندرسۆن» ( Eva Magdalena Andersson) و لەدایکبووی شاری «ئۆپسالا»یە.

ناوبراو لە زانکۆی بازرگانی شاری «ستۆکهۆڵم» کارناسیی باڵای لە بواری ئابووری وەرگرتووە و ساڵێکیش لە زانکۆی «هارڤارد»ی ئامریکا ئابووریی خوێندووە.

لە ساڵی ٢٠١٤ هەتا ١٣ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی وەزیری ئابووری بووە و لە ١٣ی خەزەڵوەر وەک سەرۆکی نوێی سوسیال دێموکراتەکان هەڵبژێردرا.

# ماڵپەڕی «شەهیدان» دەستی بە کار کرد




دوای ماوەیەک هەوڵ و زەحمەت لەلایەن بەرپرسان و کارگێڕانی بەشی «شەهیدان»، ماڵپەڕێکی تایبەت بە شەهیدان دروست کرا و خراوەتە بەر دیدی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەو ماڵپەڕە زانیارییەکانی تایبەت بە شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی تێدایە. جیا لە ماڵپەڕی شەهیدان پێشتر کاناڵی تێلێگرامیی «شەهیدانی حیزبی دێموکرات» کە کاناڵی فەرمیی بەشی شەهیدانە دامەزرابوو. پێشتریش بە هەوڵ و هاوکاریی بەرپرسان و کارگێڕانی بەشی شەهیدان، پێشانگای وێنەی شەهیدان نۆژەن کرابووەوە.

ئادرەسی ماڵپەڕ و کاناڵی تێلێگرامیی «شەهیدان»:

https://shahidan.org

https://t.me/shehid_pdki٢٤

# شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی کۆنگرەی «حیزبی شیوعیی کوردستان» بەشداریی کرد

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی لەسەر بانگهێشتنامەی فەرمیی «حیزبی شیوعیی کوردستان»، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «محەممەدنەزیف قادری» جێگری دووەمی لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکرات، لە شاری هەولێر بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی حەوتەمین کۆنگرەی «حیزبی شیوعیی کوردستان» کرد.




شاندی حیزبی دێموکرات لەلایەن ئەندامانی ڕێبەری و سکرتێری حیزبی شیوعی پێشوازییان لێ کرا.

شاندی حیزبی دێموکرات بەو بۆنەیەوە بروسکەی پیرۆزبایی «حیزبی دێموکرات»یان پێشکەش بە ڕێبەرایەتیی «حیزبی شیوعی کوردستان» کرد.

# گڵکۆی سێ شەهیدی کوردستان لە ورمێ نوێ کرایەوە



لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا خەڵکی نیشتمانپەروەری دەڤەری ورمێ بە هاوکاریی سێ بنەماڵەی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان «کەرەم کەلەشی، باپیر مەولوودی و تاجەدین بێهنام» سەرنیا کرایەوە.

ئەو سێ شەهیدە لە ڕێکەوتی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٦٣ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانە دژی دوژمنی داگیرکەردا لە چیای «شێخ بازید»ی دەڤەری «سۆما»ی ورمێ تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوونە.

گڵکۆی ئەو سێ نەمرە دوای ٣٧ ساڵ جارێکی دیکە لەلایەن خەڵکی تێکۆشەرەوە سەرنیا کراوەتەوە کە ئەوە دەرخەری ئەوەیە نەتەوەی کورد هێما و سمبولەکانی خۆی لەبیر ناکات.

خەڵک لە کاتی سەردانی ئەو گڵکۆیانە کە سەرنیا کرابوونەوە بە گوڵی سوور ڕۆیشتبوونە سەر گڵکۆکانیان.

خەلکی قارەمانی ئەو دەڤەرە بەم کارەیان پیشانیاندا کە چەندە وەفادارن بە ڕۆڵە شەهیدەکانیان و هیچ کات ئەو کەسانە لەبیر ناکەن کە لە پێناوی ئازادی و

# کۆڕیادی ٢هەمین ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا «عەبدولحەمید دەرویش» لە سلێمانی بەڕێوە چوو

شاندێکی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سلێمانی، بە سەرپەرەستیی « ئیسماعیل ڕەحمانی» بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لەو شارە، لە کۆڕیادی ٢هەمین ساڵیادی مامۆستا «حەمید دەرویش» بەشداریی کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢ی خەزەڵوەری ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی مەڕاسمی ٢هەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی مامۆستا « عەبدولحەمید دەرویش «کەسایەتیی سیاسیی ناسراو و خەباتکاری دێرینی کوردستانی ڕۆژاوا، دامەزرێنەر و سکرتێری پێشووی پارتی دێموکراتیکی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریە، لە شاری سلێمانی بە بەشداریی نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بەڕێوە چوو. شاندێکی پەیوەندییەکانی سلێمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی « ئیسماعیل ڕەحمانی» بەرپرسی پەیوەندییەکانی سلێمانی بەشدارییان لەو کۆڕیادەدا کرد.



وەفدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەبۆنەی ٢هەمین ساڵی کۆچی ئەو تێکۆشەرە دێرینەوە، بروسکەیەکی سەرەخۆشی پێشکەش کرد.

مامۆستا «عەبدولحەمید دەرویش» دۆستی دێرینی ڕێبەری شەهید دوکتور «قاسملوو» و یەکێک لە سیاسییە ڕووناکبیرەکانی کوردستانی ڕۆژاوا بووە کە ساڵی ٢٠١٩ لە کوردستانی ڕۆژاوا (لە شاری قامیشلوو) کۆچی دوایی کرد.

# له باڵوێزخانەی «پێرۆ» باس له پرسی کورد کرا

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەر لەسەر بانگهێشتی نوێنەری باڵوێزخانەی وڵاتی «پێرۆ» لە «ئوسلۆ»ی پێتەختی «نۆروێژ»، کۆبوونەوەیەک لەنێوان شاندێکی کوردستانی و نوێنەرایەتیی باڵوێزخانەی «پێرۆ» پێک هات. شاندی کوردستانی پێک هاتبوو لە: «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دێموکراتی کوردستان، پارتی دێموکراتی کورد - باکوور، «ئەنجومەنی دیپلوماتیکی کورد» و «جۆسۆ ئالبێرتۆ» نوێنەری باڵوێزخانەی پێرۆ.

لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەو پرس و بابەتانە کراوە: «دۆزی کورد و بارودۆخی ئەمڕۆی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پەیوەندیی کورد و ڕێکخراوەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئامریکای لاتین و پەرەدان بەو پەیوەندییانە، گوشارەکانی سەر کورد و پێشگرتن بە دروستبوونی کیانێکی سەربەخۆی کورد لە ناوچەکە و بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچە و زلهێزانی جیهانی لەو پەیوەندییەدا، شەڕی دژی تێرۆر و ڕۆڵی کورد لەو شەڕەدا و گرنگیی پاڵپشتیی جیهانی بۆ کورد کە خاوەن حەشیمەتێکی دەیان ملیۆنین لە هەرێمەکەدا».

لەو کۆبوونەوەیەدا «گەلاوێژ محەممەدی» بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە نۆرویژ، نوێنەرایەتیی حیزبی دەکرد.

# خەڵکی شنۆ دوایان لە خەڵکی «هێیە و میراوێ» کردووە کە لە ڕووی بەرپرسیارییەتیی نەتەوەییەوە کێشەکەیان چارەسەر بکەن

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە هاوکاریی بەکرێگیراوەکانی ئیزن نادات کێشەی دانیشتووانی دوو گوندی «هێیە و میراوێ» سەر بە شاری شنۆ چارەسەر بکرێت بۆیە خەڵکی شنۆ لە پەیامێکدا داوایان لە کەیخودا و ڕدێن سپییەکان کردووە کە هەموو هەوڵی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە وەگەڕ بخەن.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:


هاونیشتمانیيانی خۆشەویست!

خەڵکی بەشەرەفی ئاواییەکانی «هێیە و میراوێ»ی سەر بە شاری قارەمانی شنۆ!


ڕێژیمی دژە مرۆیی ئێران بۆ لاوازکردنی بیری نەتەوایەتی و کەمڕەنگ جیلوەدانی جووڵانەوەی مافخوازیی ڕەوای گەلی کورد لە هیچ پیلانگێڕییەک سڵ ناکات و خەریکە بە زەقکردنەوەی خێڵ، عێل، عەشیرەگەری، ناوچەگەرایی و هەڵایساندنی شەڕ و ناکۆکی لەنێوان تاک و کۆی گەلی کورد، یەکڕیزی، برایەتی و تەبایی ئەو گەلە بشێوێنێت و زیاتر لە هەمیشە شوێن پێی خۆی خۆشتر بکات. بۆ جارێکی دیکەش و لە ڕاستای هاتنە دیی ئامانجە دژە کوردییەکانی و بەپێی پیلانە نگریسە یەک لە دوای یەکەکانی بۆ جارێکی دیکەش لە ناوچەی شنۆ لەنێوان ئاواییەکانی هێیە و میراوێ موهەندیسیی ناکۆکییەکی کۆن دەکات و بەدەستێوەردانی دوژمنکارانە لەسەر دابەشکردنی ئاوی ئەم دوو ئاواییە ڕێگە نادات کێشەی ئەم دوو ئاواییە چارەسەر بێت و هەر ڕۆژە بە لایەنگری لە ئاواییەک تۆوی دووبەرەکی دەچێنێت.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ چەندین جار حاڵەتی بەرتیل وەرگرتن لەلایەن بەرپرسانی پەیوەندیدار لە خەڵکی هەردووک ئاوایی بیندراوە، بەم پێیەش جیا لەوەی کێشەکە چارەسەر نەکراوە بگرە بەپێی پلان، پیلانگێڕییەکان دەچنە پێش و زۆر جار حاڵەتی شەڕ و دەمەچەقە لەنێوان خەڵکی هەردووک ئاوایی هاتووەتە ئاراوە.

شایانی ئاماژەیە کە خەڵکی هەردووک ئاوایی خاوەن هەستی بەرزی نەتەوەیین بۆیە بە مەبەستی کورتکردنەوەی دەستی خۆفرۆشان و پووچەڵکردنەوەی پیلانگێڕیی ناوەندە ئەمنییەکانی ڕژیم داوا لە کەیخودا و ڕدێن سپییەکانی ئەو ناوچە و خەڵکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری ئەو دوو ئاواییە دەکەین بە ڕووحی برایەتی کۆتایی بەو ناکۆکییە بێنن و خەونی دوژمنانی گەلی کورد پوچەڵ بکەنەوە.



# کوردستان جارێکی تر پلەی یەکەمی هەڵاوسانی تۆمار کرد



بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران لە نرخی هەڵاوسان لە ڕەزبەری ٩٩ تا کۆتایی ڕەزبەری ١٤٠٠، پارێزگای ئیلام پلەی یەکەمی لە ئاستی پارێزگاکانی کوردستان و ئێراندا هەیە.

بەپێی هەمان ئامار، نرخی هەڵاوسانی ساڵانە بە شێوەی نێونجی بۆ هەر بنەماڵەیەک ٤٥ لەسەدە کە ئەم ڕێژە بۆ هەر بنەماڵەیەک لە ئیلام ٥٣.٣ لەسەد بووە.

بەم پێیە نرخی هەڵاوسان لەو پارێزگایە مەودایەکی زۆری لەگەڵ نرخی هەڵاوسانی گشتیی ئێران هەیە و لە دۆخێکی خراپدایە.

پارێزگاکانی کوردستان زۆرترین ئاماری هەڵاوسانیان لە ١٢ مانگی ڕابردوو تۆمار کردووە.

بەهۆی سیاسەتە ئابوورییەکانی ڕێژیم، نرخی هەڵاوسان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە هەڵکشانە و پارێزگای ئیلام لە ماوەی ساڵی ٩٩ و هەتا ئێستاش بەردەوام لە لووتکەی هەڵاوساندایە.

# ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە یادی دوکتور «نەجمەدین کەریم» لە پاریس بەڕێوە چوو



هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی یادی دوکتور «نەجمەدین کەریم» لە پاریس بەشداری کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٨ی خەزەڵوەر «ئەنستیتۆی کورد» لە شاری پاریس پێتەختی وڵاتی فەرانسە ڕێوڕەسمێکی بە مەبەستی ڕێزگرتن لە کۆچکردوو دوکتور «نەجمەدین کەریم» بەڕێوە برد کە تێیدا کەسایەتییە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەم وەکوو وتارخوێن و هەم وەکوو گوێگر بەشدار بوون.

لەم ڕێوڕەسمەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی فەرانسە تێیدا بەشدار بوون کە بریتی بوون لە: «حسن شەرەفی جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی ناوەندی سیاسی و هەروەها وتەبێژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، «عوسمان بایدەمیر» پارلمانتاری پێشووی پارلمانی تورکیە و چالاکی سیاسی، هەروەها «عەلی دۆڵەمەڕی» نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرانسە، دوکتور «کەندال نەزان» سەرۆکی «ئەنستیتۆی کورد» لە پاریس و خاتوو «جۆیس بلوو» زمان زان و سەرۆکی پێشووی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی «ئینالکۆ» لە پاریس کە سەبارەت بە کەسایەتیی دوکتور «نەجمەدین کەریم» قسەیان کرد.

لە سەرەتادا خاتوو «جۆیس بلوو» سەبارەت بە کەسایەتیی کۆچکردوو دوکتور «نەجمەدین کەریم» دوا و دواتر وتاری ڕۆژنامەنووس «جاناتان ڕاندال» سەبارەت بە دوکتور «نەجمەدین کەریم»ـی خوێندەوە. دواتر دوکتور «کەندال نەزان» هەندێک لە لاپەڕەکانی ژیانی دوکتور «نەجمەدین کەریم»ـی هەڵداوە کە وەکوو زانیاریی تازە و نەبیسراو بوون. پاشان «عوسمان بایدەمیر» سەبارەت بە کەسایەتیی «نەجمەدین کەریم» لە قسەکانیدا ئاماژەی بە کاراکتێری پارێزگاری پێشووی «کەرکووک» کرد کە چۆن لەگەڵ یەکتر ئاشنا بوونە و وتی، لە کاتی گووشارهاتن چ بۆ من و چ بۆ کۆچکردوو دوکتور «نەجمەدین» لە ڕێگای تەلەفۆن پشتگیری و پشتیوانیان لە بەشێکی کوردستان بۆ بەشێکی دیکەوە بۆ یەکتر دەربڕیوە. «بایدەمیر» لە وتەکانیدا، ئەو بیرەوەریەی گێڕایەوە کە لەگەڵ دوکتور «نەجمەدین» بەڵێنیان بە یەکتر دابوو لە ئەگەری ڕزگاربوونی «کەرکووک» یان «دیاربەکر» ئەوی تر پێشوازی لەوی دیکە بکات. وتیشی بە مردنی دوکتور «نەجمەدین» ئەم ئاواتە نەمردووە و بە دڵنیایەوە ڕۆژێک هەر دێتە دی. لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا «حەسەن شەرەفی» جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی ناوەندی سیاسی و وتەبێژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی کۆچکردوو بە تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی ڕۆژهەڵات قسەی کرد.

«شەرەفی» لە پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتیی دوکتور «نەجمەدین کەریم» وتی، ئەو هەرگیز ئیحساساتی بەسەر دورئەندیشیدا زاڵ نەکرد. دوکتور «نەجمەدین» کورد و نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینە بوو و لە هەر جێگایەک بوو دەنگی کورد بە گشتی بوو، دۆستی نزیکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەرانی بوو بۆیە لەدەستچوونی بۆ هەموو لایەکمان خەسارێکی گەورە بوو.

لە بەشی کۆتاییدا «عەلی دۆڵەمەڕی» وەکوو نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرانسە باسی لە ڕۆڵی ئەرێنی دوکتور «نەجمەدین کەریم» چ وەکوو پارێزگاری «کەرکووک» و وچ وەکوو سەرۆکی «ئەنستیتۆی کورد» لە واشنتۆن و هەروەها جێگری سەرۆکی «ئەنستیتۆ کورد» لە پاریس کرد.

ناوبراو وتی دوکتور «نەجمەدین» یەکەم کەس بوو کە ئاڵای کوردستانی لەسەر پارێزگای «کەرکووک» هەڵداوە و باسی لە ڕۆڵی باش و ئەرێنیی ناوبراو لە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور کرد.

# ئیدارەی ئیتلاعاتی «بۆکان» هەڕەشەی دەرکردن و دەست بەسەرداگرتنی مڵک و ماڵی خەڵک دەکات

ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری «بۆکان» ماوەیەکە بۆ ئازار و ئەزیەتدانی خەڵک ئەو بنەماڵانە بانگ دەکات کە کەسێکیان لەنێو حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و پێیان وتوون یان ئێوەش دەبێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڕۆن و بچنە کوردستانی باشوور یان بەڵگەی خانوو و مڵک کە هەیانە بیهێنن بۆ ئیتلاعات بۆ ئەوەی دەستیان بەسەردا بگرن. ئەو هەوڵەی ڕێژیم لە ڕاستای بێزارکردنی خەڵک و لە ئاکامدا دەرکردن و داگیرکردنی مڵک و ماڵیانە.

ڕێژیم بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە بە هەر شێوەیەک بێت دێموگرافیای کوردستان بگۆڕێت، هەروەها دەیەوێت جێگای ئەو بنەماڵانە بە تورک و فارسە کۆچەرەکان پڕ بکاتەوە.

# ڕێژیمی ئێران لە هەرێمی کوردستان دەپاڕێتەوە سنووری «پەرویزخان» بکاتەوە



بەهۆی ئەوەیکە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە سنووری پەرویزخان ڕاوەستاوە ڕێژیمی ئێران داوای لە هەریمی کوردستان کردووە ئەو سنوورە بکاتەوە هەتا کاری بازرگانی کێشەی بۆ دروست نەبێت. لەو پەیوەندییەدا سەرکۆنسولی ڕێژیمی ئێران لە سلێمانی هەڕەشەی لە بەڕێوەبەرانی ئەو سنوورە کردووە و وتوویەتی وەستانی جموجۆڵی بازرگانی لە سنووری پەرویزخان بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕووی داوە جێگەی قەبووڵ نییە و دەبێت بە زوویی سنوورەکە بکرێتەوە.

سەرکونسولی ڕێژیمی ئێران سەردانی ئیدارەی گەرمیان لە «کەلار»ی کردووە و لەگەڵ «جەلال نووری» بەڕێوەبەری ئیدارەی گەرمیان کۆ بووەتەوە و داوای کردووە ئەو سنوورە بکرێتەوە. جموجۆڵی بازرگانی لە سنووڕری پەروێزخان ماوەی حەوتوویەکە بەهۆی مانگرتنی شۆفێری بارهەڵگرەکانەوە ڕاگیراوە. بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاندووە دوای وردەکاری و تێبینییەکانی خۆمان هەوڵ دەدەین سنوورەکە بکەینەوە.

# خەڵکی گوندی «ئاڕنێ» پێشیان بە هەڵگرتنی خیزی چۆمی گادەر گرت

کارخانەی ئاشی خیزی گوندی «ئاڕنێ» سەر بە شاری نەغەدە بە پشتیوانیی ڕێژیم ویستبوویان خیزی ڕووباری ئەو گوندە بەتاڵان بەرن، بەڵام لەگەڵ نارەزایەتیی خەڵکی ئەو گوندە بەرەوڕوو بوونەتەوە.


خەڵک کە ڕێگە بە لۆدێر و ماشینەکانی خیزهەڵگر نادەن خیز هەڵگرن،. خاوەن کارخانەکە بە ناوی «یەدوڵڵا» و شۆفێرەکان تەلەفۆن بۆ سپای تێرۆریستی پاسداران لێ دەدەن.

هێزەکانی سپای پاسداران کە دێنە شوێنەکە و پشتیوانی لە خاوەن ئاشەکە دەکەن، خەڵک زۆر ئازایانە بەرگری لە مافی خۆیان دەکەن و ڕێگا نادەن کە دەستبەکار بن.

دوای ئەوەیکە خەڵک لەسەر قسەی خۆیان زۆر پێدا گرن، هێزەکانی ڕێژیمی ئێران هەڕەشە لە خەڵک دەکەن و فیلمیان لێ هەڵدەگرنەوە کە بەرەوڕووی دادگایان بکەنەوە.

بەپێی زانیارییەکان تەنانەت هەڕەشەیان لە خەڵکی ئەو گوندە کردووە کە جەریمەی ڕاوەستانی لۆدێر و ماشینەکانتان لێ دەستێنین. خاوەنی ئەو کارخانەیەی ئاشی خیز سەر بە سپای پاسدارانە و بە ڕاشکاوی هەڕەشە لە خەڵک دەکات.

# ١٤ مامۆستای زانکۆی «کوردستان» لە سنە وەک مامۆستای بلیمەت لە ئاستی جیهاندا هەڵبژێردران



بەپێی لێکۆڵینەوەی زانکۆی «ستەنفۆرد» لە ساڵی ٢٠٢١دا، ١٤ مامۆستای زانکۆی «کوردستان»لە سنە وەک مامۆستای بلیمەت لە ئاستی جیهاندا هەڵبژێردران. پێشتریش ڕێکخراوی زانستیی «تایمز» بڵاوی کردبووەوە، زانکۆی «کوردستان» لە بواری کاریگەریی باش لە ساڵی ٢٠٢١دا پلەی ٨٠٠-٦٠١ هەیە. کاریگەریی زانکۆکان بەپێی چالاکیی ئەو زانکۆیانە لە چوارچێوەی ئامانجەکانی گەشەی سەقامگیری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها بەپێی چوار پێوەری «لێکۆڵینەوە، بەڕێوەبەری، گەشە و ڕاهێنان» هەڵدەسەنگێندرێن.

زانکۆی «کوردستان» لەنێوان سەرجەم زانکۆکانی ئێران پلەی ١٥، لەنێوان زانکۆکانی زۆرباش پلەی ٧ و لەنێوان زانکۆکانی جیهان پلەی ٨٠٠-٦٠١ی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە.

## دریژەی پەیف

خۆی!، کۆماری ئیسلامیش ڕێك کەوتۆتە ئەو حاڵەتەوە و بە هاتوهاوار دەیهەوێ دڵی لایەنگرەکانی ڕابگرێ و بەسیجییەکانی دڵیان نەتۆقێ!

چەند ڕۆژ پێش سوپای پاسداران هێرشی کردە سەر کەشتییەکی نەوتبەری ڤییەتنامی و عەمەلیاتێکی زۆر کۆمێدییان بەڕێوە برد و بە هاوار ڕایگەیاند کە ئەوە کەشتییەکی ئێرانی لەدەست ئەرتەشی ئامریکا دەرهێناوە و وەکوو پاسدار سەلامی دەیگوت ئامریکا عادەتی کردووە بەردەوام لە ئێران شکست بخوا! بەڵام دیوی ڕاستەقینەی هەموو ئەو هەڕەشە و گوڕەشە و مانۆڕە نیزامییانە دەیدا، چ لە بەرامبەر ئازەربایجان و چ لە بەرامبەر کوردستان و چ لە خەلیج و هەموو هاوارەکانی دیکەی، تەنیا و تەنیا هاواری چۆڵەوانین تاکوو گوێی لە دەنگی هاواری خۆی ببێتەوە و هەندێك ورە بگرێ. خامنەیی و باندە مافیاییەکەی، وەها تەریك کەوتوونەتەوە و هەستی تەنیایی دایگرتوون کە دەست بۆ گاڵتەجارترین کردەوەکان دەبەن تاکوو تۆزێ ڕۆح بەبەری پاسدار و بەسیجییەکانیاندا بێتەوە و بە زایەڵەی هاواریان، زاڵ بن بەسەر تەنیاییاندا، دەنا ئێستا لە ژووری ئیسراحەتی خۆشیان بەگومانن و لێی ئاسوودە نین.

# دەقی وتەکانی بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە قوتابیانی نێو شۆڕش




سڵاوێکی گەرمتان لێ بێت هاوڕێیانی خۆشەویست
خوشک و برایانی بەڕێز
قوتابی و خوێندکارە بەڕێزەکان
بەخێربێن بۆ ئەو ڕێوڕەسمەی خۆتان کە لەلایەن دەزگای کۆمەڵایەتی حیزبەکەمانەوە پێکهاتووە

ئێمە لە ئێستادا ساڵی خوێندنی ١٣٩٩_١٤٠٠ی هەتاوی و ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ی زایینیمان کۆتایی پێ هێناوە؛ ساڵێک کە جیاوازی هەبوو لەگەڵ ساڵەکانی ڕابردوو بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی گیروگرفتی گەورەی نەخۆشی کۆرۆنا کە لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی گرت و گیروگرفتێکی گەورەی بۆ هەموو ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی بەتایبەتی خوێندکارانی ئێمە پێکهێنا.

لەلایەکەوە کەم ئەزموونی لە پێوەندی لەگەڵ خوێندنی ئانلاین و لەلایەکی دیکەشەوە نەخۆشییەکە بۆ هەموو لایەک بووە مایەی گرفتاری و دەردیسەر بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا خوێندن وەکوو بەشەکانی دیکەی ژیان بەردەوام بوو و بە کەندوکۆسپەکانی کە لەسەر ڕێگای بوو خوێندکاران و هەموو ئەوانەی کە لە بواری خوێندندا کار و تێکۆشانیان هەبوو و هەروەها مامۆستاکان کە لەو پێوەندییەدا زەحمەتێکی زیادتر لە جارانیان کەوتە سەر شان توانیان بەسەر کەندوکۆسپەکاندا زاڵ بن؛ بەتایبەتی خوێندکاران و قوتابیانی خۆشەویست کە ئێوە وەکوو نموونەیەک لە هەموو قوتابییەکان و خوێندکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێرەدا کۆبوونەتەوە ئەو دەورەیەتان بە سەرکەوتن بەسەر برد و توانیتان دەرەجەی بەرز لە خوێندنەکانتان بەدەست بێنن. ئەوە بۆخۆی شایانی ڕێزلێنانە و ماندوونەبوونی پێگووتنی دەوێ بۆ هەموویان.

مەسەلەیەکی دیکە کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا زۆر گرینگە و جیاوازی هەیە لەگەڵ کارو تێکۆشانی باقی خوێندکاران و ئەوانەی کە لە کاروباری خوێندندا مەشغوڵن، وەزعیەتی تایبەتی ئێوەیە لە باشووری کوردستان؛ چونکە لەگەڵ ئەوەیکە گیروگرفتی کۆرۆنا بۆ هەموو لایەک هەبوو بەڵام گیروگرفتێکی دیکەش بۆ ئێمە و بۆ بنەماڵەکانمان و بۆ منداڵەکانمان بەتایبەتی کە هەیە ئەوەیە کە ئێمە لە وڵاتی خۆماندا نین؛ ئێوەش بەو بۆنەوە ئەوەی کە بنەماڵەکانتان بە شانازییەوە لە ڕێگای خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافی ئازادی نەتەوەکەی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتدا تێدەکۆشن و بەو بۆنەوە تووشی زەبروزەنگی زۆری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون ناچار کراون کە وڵاتی خۆتان بەجێ بهێڵن و لە شوێنێکی دیکە نیشتەجێ بن.

ئەوانەی کە منداڵی بنەماڵەی پێشمەرگەکانن و ئەوانەش کە منداڵی ئەو بنەماڵانەن کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن، هەمووان ناچار بوون کە لەو وەزعیەتەدا تەحەمولی ئەو دوورەوڵاتی و کێشە تایبەتییانەی دیکەش بکەن کە لە ئەنجامی نەبوون لە وڵاتی خۆیاندا بەرەوڕوویان بۆتەوە؛ بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە سەرکەوتنی گەورەمان جێگای خۆشحاڵییە کە منداڵەکان لە کوردستان لە هەموو بەشەکاندا ڕوویان لە خوێندن کردووە و کاروباری خوێندن زۆر بەجیددی وەردەگرن.

لێرەدا زەحمەتی خودی قوتابییەکان و خوێندکارەکان و بەتایبەت زەحمەت و تێکۆشانی مامۆستاکانیش جێگای ڕێزلێنان و جێگای سپاسە کە لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفت و موشکلاتەی کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە ساڵەکەیان بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پێ هێناوە. ئەو وەزعیەتە لەلایەکەوە و گیروگرفت و موشکلاتەکانیش لەلایەکی دیکەوە ئەو پەیامەمان پێ دەدات کە ئەو سەرکەوتنانە نیشانەی بەئیرادەبوونمانە. بەو مانایەیە کە ئەگەر مرۆڤ ئیرادەی بەهێز بێ و بتوانێ بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بۆ کارەکانی ڕۆژانەی خۆی تەنزیم بکات و بەپێی بەرنامە حەرەکەت بکات کۆسپەکان ناتوانن ڕێگای لێبگرن و دەتوانێ کۆسپەکان لەسەر ڕێگای خۆی لابدات؛ و ئەوە شتێکە کە بۆ فێربوونی هەموومانە کە لە کاتی کۆسپ و گیروگرفتەکانی ژیاندا کە ماف و ئازادییەکان کە هەموومان حەقمان هەیە وەکوو مرۆڤێک هەمانبێ؛ کەوابوو دەبێ هەمیشە ئێمە ئەو ئیرادە و ئەو ئامادەکارییەمان هەبێ و لە خۆماندا بەهێزی بکەین کە ئەو گیروگرفتانە نەتوانن چۆکمان پێدابدەن و لە بەرامبەر ژیاندا زەلیلمان بکەن.

هیوادارم کە هەر بەو ئیرادەیەوە و هەر بەو تێکۆشان و زەحمەتەوە ئێوە و هەموو مامۆستایان و هەموو خوێندکاران و ئەوانەی کە لە کاروباری خوێندن و خوێندنگەکاندا کار دەکەن و تێدەکۆشن لە کارەکانیاندا بەردەوام و سەرکەوتوو بن .

لێرەدا جێگای دەستخۆشیشە کە بنەماڵەکان لەگەڵ ئەو گیروگرفتانەی کە لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوونەتەوە، بەتایبەت بنەماڵەی پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزبی، سەرەڕای نەبوونی، خراپی باری ژیان و مەعیشەتیان بەڵام ئەوەندە کاتیان تەرخان کردووە بۆ منداڵەکانیان و ئەوەندە زەحمەتیان کێشاوە کە منداڵەکانیان لەو بۆنەیەدا و لەو ساڵەدا وەدوا نەکەون. ئاساییە کە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی ئەوەین کە هاووڵاتیان و هاونیشتمانییانی ئێمە لە ژێر زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی و لە سێبەری سیاسەتی هەڵە و چەوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تووشی چ بارودۆخێکی سەخت و دژوار بووینەتەوە کە بەشێکی زۆر لە بنەماڵەکانمان لە ڕۆژهەڵات بە بۆنەی نەبوونی ناتوانن منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە و ژمارەی ئەو منداڵانەی کە بەداخەوە لەبەر نەبوونی و هەژاری ناچارن لە جیاتی خوێندن بڕۆن بەدوای پەیداکردنی پاروو نانێکدا، زۆرن و ڕۆژبەڕۆژیش زیادتر دەبێت و ئەو خەبەرە دڵتەزێنانەی کە لەم ساڵی خوێندنەدا دەمانبیست کە ژمارەیەکی زۆر لەو قوتابییانە تەنانەت لەبەر ئەوەیکە بنەماڵەکەیان توانای ئەوەیان نەبوو کە کەرەستەی خوێندنەکەیان وەکوو مۆبایلی زیرەک و ئایپاد و باقی کەرەستە تەکنیکییەکانیان بۆ دابین بکەن ناچار بوون قوتابخانە بەجێ بێڵن، خوێندن بەجێبێڵن.

ئەوانە هەموو کێشەن لەسەر ڕێگای خەڵکەکەمان و نەتەوەکەمان کە تووشی بەڵایەکی خراپتر لە کرۆنا بەدەست هێناوە ئەویش لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دەرەجە بەرزانەی کە بە دەستتان هێناوە!

دیارە بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لەو پێوەندییەدا بە من گەیشتووە لە باشووریش ئەوجۆرەی من لێکۆڵینەوەم لەسەر کردووە، ئەو سەرکەوتنانە بەرچاون؛ بەجورێک کە بەشێکی زۆر لەو قوتابییانەی دەرەجە و نمرەکانیان نەوەد یان هەندێکیش لە نەوەد زیادترە نەیانتوانیبوو لە زانکۆی پزیشکیدا ناونووسی بکەن؛ ئەوە نیشان دەدات کە نمرەی زۆرتر لە نەوەد ئەوەندە زۆرن کە نمرەی نەوەد وەبەری ناکەوێ! ئەوە ڕووبەڕووی دەبینەوە لەباتی بێهیوابوون، لەباتی دەستەوئەژنۆدانیشتن، ئیرادەی بەهێزمان هەبێ و بڵێین و بمانهەوێ کە بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بین.

بەداخەوە وەزعیەتی ژیانی ئێمە وەکوو کورد لە هەموو بەشەکاندا، کە دیارە باشوور جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ بەشەکانی دیکە، هەمووی گیروگرفت و موشکلات و ئاوارەیی و دەربەدەری و زیندان و ئێعدام و ئەوانەیە و چونکە ستەم و زۆردارییەکە لەسەر خەڵکەکەمان بەردەوامە بێگومان ئەو بەربەرەکانێیەش هەر بەردەوام دەبێ بۆ ڕزگاری لەو ستەمانە و بەدەستهێنانی کوردستانی ئێران کە مەکتەبێکە بۆ خۆی، فێری ژیانی سەخت و گوزەران و مقاومەت و بەربەرەکانێمان ئەکات، هەر ئەو چاوەڕوانییەش لە بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی و ئەندامانی حیزبی ئەکرێت.

لێرەدا خاڵێکی دیکەیش کە ئەمەوێت ئاماژەی پێبکەم بە کورتی، ئاوڕدانەوەیەکە لەو بۆنەیەدا بەسەر خوێندکاران و ئەوانەی کە کاروباری خوێندن بەڕێوە دەبەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا؛ خۆتان لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە لەگەڵ ئەوەیکە ئێمە لە وڵاتی خۆماندا نین بەڵام ئاگاداری بوونەتەوە کە ئەویش کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بۆیە لەو بۆنەیەدا من بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە هەموومان پێکەوە یادی زەحمەت و تێکۆشانی بنەماڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بکەین کە لەو سەختییەدا خوێندنەکانیان درێژە دەدەن و هاودەردی بکەین لەگەڵ ئەو قوتابییانە کە لەبەر نەبوونی و بێتوانابوونی بنەماڵەکانیان لە خوێندن دابڕاون و کەوتوونەتە بازاڕی کار بۆ ئەوەیکە بە هەزار بەدبەختی و سەختی بتوانن پاروە نانێک بۆ بنەماڵەکەیان دابین بکەن.

لەو موناسبەتەدا من پیرۆزبایی دەکەم لە ئێوە قوتابییان و خوێندکارانی سەرکەوتووی حیزبەکەمان و هەروەها هەموو قوتابییانی کوردستان، بە باشوور و بە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەشەوە و ماندوونەبوونی دەکەم لە هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە من ئاگادارم چ لێرە لە باشوور چ لە ڕۆژهەڵات ئەوانیش لەگەڵ گرفتێکی زۆری مەعیشەتی و کار و تێکۆشانی بەردەوام ڕووبەڕوو بوونە بەڵام بەو حاڵەیش دڵسۆزانە لەگەڵ قوتابیان، لەگەڵ ئەوانەی کە خوازیاری خوێندنن کاریان کردووە؛ تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتدا بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی دەروەست بە بێ ئەوەیکە مووچەیەک لە حکوومەت وەربگرن کاریان کردووە بۆ دامەزراندنی دەیان و سەدان کلاسی خوێندن و فێربوونی زمانی کوردی بۆ ئەو قوتابیانەی کە لەو مافە کە مافی سەرەتایی خۆیانە واتە خوێندن بە زمانی دایکی، بێبەش بوونە.

هیوادارم کە ئەمساڵی تازەی خوێندن کە تازە دەست پێدەکات گیروگرفتەکان کەمتر بن، کێشەکان کەمتر بن و ئێوە هەموو بنەماڵەکان، مامۆستاکان و قوتابییەکان بتوانن هەروا سەرکەوتنی زیادتریش بەدەست بێنن و بەو شێوەیە وڵاتەکەمان لەباری سەرمایەی مەعنەوییەوە دەوڵەمەندتر بکەن چوونکە ئێمە هەتا زیادتر دەستمان بە خوێندن و زانست بگا دەتوانین باشتر خزمەتی وڵاتەکەمان بکەین، خزمەتی ئەو کەسانە بکەین کە دڵسۆزانە لەو پێوەندییەدا یارمەتیدەرمانن، خزمەتی هاونیشتمانییانمان بکەین و ببینە ئەندامێکی بەکەڵک و بەبەهرە بۆ کۆمەڵگاکەمان، کۆمەڵگای کوردەواری کە لە هەموو کاتێکدا و ئێستا لەژێر مەترسیدایە کە پێویستی بە ڕۆڵەکانی خۆیەتی بۆ ڕزگاربوون و بەرەوپێشبردنی.

سپاسیش دەکەم لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی خۆمان کە لەو ماوەیەدا لە پێوەندی لەگەڵ سەردانی قوتابییەکان و لێپرسینەوەیان کاریان کردووە و زەحمەتیان کێشاوە.

هیوادارم هەمووتان سەرکەوتوو بن و ساڵێکی خۆشتر لە ساڵانی ڕابردوو بۆ هەمووتان ئارەزوو دەکەم، زۆر سپاستان دەکەم.

**ماندوونەبوونی دەکەم لە هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە من ئاگادارم چ لێرە لە باشوور چ لە ڕۆژهەڵات ئەوانیش لەگەڵ گرفتێکی زۆری مەعیشەتی و کار و تێکۆشانی بەردەوام ڕووبەڕوو بوونە بەڵام بەو حاڵەیش دڵسۆزانە لەگەڵ قوتابیان، لەگەڵ ئەوانەی کە خوازیاری خوێندنن کاریان کردووە؛ تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتدا بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی دەروەست بە بێ ئەوەیکە مووچەیەک لە حکوومەت وەربگرن کاریان کردووە بۆ دامەزراندنی دەیان و سەدان کلاسی خوێندن و فێربوونی زمانی کوردی بۆ ئەو قوتابیانەی کە لەو مافە کە مافی سەرەتایی خۆیانە واتە خوێندن بە زمانی دایکی، بێبەش بوونە**

# دوکتور شەرەفکەندی: ئینتلێکتوێلێکی خەباتگێڕ

ئیبراهیم لاجانی

**بەشی چوارەم**

دەزانین کە ئێران وڵاتێکی فرەگەلە و چەند نەتەوەی جۆراوجۆر هەرکامیان لەسەر نیشتمانی چەند هەزار ساڵەی خۆیان، لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا دەژین. کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە. جگە لەوە گەلێک کەمایەتی مەزهەبی و ئایینی و ئێتنیکی دیکەش لە ئێراندا هەن.

ئەو کەمایەتییانە لە ئیدارەکردنی کاروباری وڵاتەکەیاندا و تەنانەت لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانی شوێنی ژیانی خۆشیاندا، نەخشێکی زۆر کەمیان هەیە یا دەتوانین بڵێین کە لە مافە سروشتییە سیاسییەکانیان بۆ بەشداری لە کاروباری وڵاتەکەیاندا بێبەشن. ئەوەی جێگای باسی ئێمەیە کەمایەتییە نەتەوەییەکان و بەتایبەتی کێشەی کوردە.

کەمایەتیی نەتەوەیی بەو کۆمەڵە خەڵکە دەوترێت کە هۆشیاری نەتەوایەتییان هەیە و خۆیان لە گرووپ و دەستە و تاقم و نەتەوە و گەلەکانی دەوروبەریان بەجیا دەزانن. کولتور وفەرهەنگ و زمان و نژاد و هەویەتی هاوبەش و نیشتمانی هاوبەشیان هەیە و مێژووی هاوبەش و دابونەریت و چارەنوسی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتر هەیە. لەوەش زیادتر بۆ مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان کار و خەبات دەکەن بۆیە کوردایەتی و خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاریی لە ستەمی نەتەوایەتی، جەهەری ئەو هاوپێوەندییەیە کە خەڵکی کوردستانی لە دەوری ئامانجە هاوبەشەکانیان کۆکردۆتەوە.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد لە ئیدارەکردنی کاروباری وڵات و تەنانەت ناوچەکانی خۆیاندا بەشدارن؟ کام کاناڵ و میکانیزمی تایبەتیان بۆ بەشداری کردن و شوێندانەری و بەشداری کردن بۆ دەستەبەرکراوە؟ کۆسپەکانی سەرڕێگای بەشداری ئەوان لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا چین؟ ئەو ستەمە نەتەوایەتییەی کە خەڵکی کوردستان هەستی پێدەکەن و بە ئێسک و پێستەوە دەرکی دەکەن لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ ڕێگاچارەی ئەو مەسەلەیە چییە؟ ئایا ڕێگاچارەی سیاسی هەیە و گیروگرفتەکە سیاسییە یان ئیداری و فەرهەنگی و ئابووری؟ چۆن چارەسەر دەکرێ؟

وەک باسم کرد کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان لە ئێراندا، لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و تەنانەت ناوچەکانی خۆشیاندا هیچ نفوز و دەسەڵات و ڕۆڵێکیان نییە؛ بەڵام هەستی نەتەوایەتی و شعوری سیاسیان هەیە و بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوایەتی خۆیان تێدەکۆشن. بەوپێیە مەسەلەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە ئێراندا مەسەلەیەکی سیاسییە و لەو ستەمە سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە سەر گەلی کورد هەیە واتە سەرچاوەکەی سیستمی سیاسی دەوڵەتی و حکومەتییە.

مەبەست ئەوەیە کە بەشداری کوردان و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە لە کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا زۆر گرنگە بەڵام بەشداریی سیاسی ئەوان لە دیاریکردنی چارەنووس و قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و پێناسەکردنی ژیان و ڕێگاکانی بەختەوەری و پەرەسەندنی نیشتمانی خۆیان بە مەسەلەی هەرەگرنگ لە بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بە حیساب دێت.

بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنت و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان و تەنانەت پراکسیسی نێونەتەوەییش، ئەوە دەردەخەن کە مەسەلەی کەمایەتییەکان و بەشداری ئەوان لە کاروباری وڵات و بەتایبەتی ئیدارەی ناوچەکانی خۆیان داخوازی و مەسەلەیەکی تەواو سیاسییە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوا لە هەموو ئەندامانی خۆی دەکات، کە ئێرانیش یەکێک لەوانە، تا مافە سیاسییەکانی کەمایەتییەکان بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی وڵات و ناوچەکانی خۆیان، دەستەبەر بکەن.

بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان دەڵێن حاشاکردن و نەدیتن و لەوەش زیادتر حاشاکردن و سەرکوت و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی کەمایەتییەکان، دەبێتە هۆی لەنێوچوونی سیاسی و فیزیکی ئەوان و مەوجودیەتی ئەوان وەک گەل لەنێودەبات، جا ئەگەر وەک تاکیش بمێننەوە، وەک گەل و میللەت و نەتەوە لەنێو دەچن و ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی ژینۆسایدی سیاسی و کولتوورییەوە.

بۆیە لە کۆنڤانسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەمەڕ قەدەغەبوونی نەسڵکوژی، ژینۆساید، بە جینایەت دەناسرێ و وەک تاوان بە دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێ.

چەوسانەوەی سیستماتیک و ستەم و سەرکوتی سیاسی لەسەر کەمایەتییەکان وەک سیاسەتێکی دەوڵەتی و بەرنامەڕێژی بۆکراو، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، وەک ئەوەیکە لە ئێراندا، بە دژی کوردەکان بەڕێوە دەچێ، لەباری ئەکادیمییەوە بە ژینۆساید و نەسڵکوژی تەرجومە دەکرێ.

کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مافی ژیان، مافی هەبوونی شوناس و ناسنامەی تایبەتی، مافی پاراستن لە بەرانبەر دووچاوگی دەوڵەتیدا (stately discrimination)، بۆ هەموو کەمایەتییە میللی و مەزهەبییەکان بە ڕەسمی دەناسێ و ئەرکیش دەخاتە سەرشانی دەوڵەت کە ئەو مافانە دابین و دەستەبەر بکات.

لەو کۆنڤانسیۆنەدا، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئێتنیکی و میللی و مەزهەبییەکان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و کولتوری خۆیان و بردنەپێشی قازانج و بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان بە ڕەوا و بەرحەق دەزانێ.

بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو مرۆڤەکان ئازادن لە ژیانی فەرهەنگی و کولتووری کۆمەڵگاکەیاندا بەشداری بکەن کەواتە کۆمەڵە کەسێک کە فەرهەنگی هاوبەشیان هەیە، مافی خۆیانە پێکەوە کاروباری فەرهەنگی و ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان بەڕێوەبەرن.

بەگوێرەی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان، ئازادی مەسەلەیەکی سیاسییە، هەر بۆیە ئازادی بیروباوەڕ و دین و مەزهەب، جەوهەری ئازادی پێک دێنێ. هەرکاتێک دەوڵەتێک لەسەر ئەساسی مەزهەب و دین و عەقیدە و شوناس، هەڵاواردن لەگەڵ کەمایەتییەکان بکات، ئەوە مافە هەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤی پێشێل کردوون؛ واتە سەرەتاییترین مافە سیاسییەکانی هاووڵاتیانی لەژێر پێ ناون. بەدیوێکی تریدا ڕێگای بە بەشداریی خەڵک لە بەڕێوەبەری کاروباری خۆیاندا گرتووە و ئەوەش مەسەلەیەکی تەواو سیاسییە.

چ لە قانووندا، چ لە سیستمی سیاسیدا و چ لە ژیانی ڕۆژانەدا، بە ئاسانی دەتوانین دەرک بکەین کە گەلی کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە لە ئێراندا تەواو، لە ژێر ستەم و چەوسانەوەی سیاسیدا.ن

کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە، چونکە نفووز و دەسەڵات و نوێنەرایەتیان لە ناوەندەکانی بڕیاردان و سیاسەتگوزاری و قانووندانانیدا نییە، لەڕاستیدا ئیختیاراتی ئەوەشیان نییە سەبارەت بە کاروباری ژیانی خۆیان و ئیدارەکردنی ناوچەکانی خۆیان بڕیار بدەن.

کەمایەتییەکانی وەک کوردی سوننی و بەلووچەکان و عەرەب و تورکمەن ناتوانن هیچ پۆستێکی وەک پۆستەکانی ڕێبەرایەتی، سەرکۆماری، سەرۆکی دەزگای قەزایی یان دەسەڵاتی ئیجرائیان بە دەستەوە بێت.

لە کردەوەدا تەنانەت وەزیرێک، جێگری وەزیرێک، سەرۆکی دەزگایەکی گرینگیی دەوڵەتیش، تەنانەت پارێزگارێکیش،لەنێو کەمایەتییە نەتەوەییەکاندا کە مەزهەبیان شێعە نییە دیاری ناکرێ یا زۆر بە دەگمەن هەڵکەوتووە کەسێکی ئەوتۆ دیاری کرابێت.

لە ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمدا، لە شۆرای نیگابانیدا، لە شۆرای چاوخشاندنەوە بە قانوونی ئەساسیدا، لە شۆرای بەرزی ئەمنیەتی میللیدا، لە شۆرای باڵای شۆڕشی فەرهەنگیدا، تەنانەت لە سەرۆکایەتی زانکۆکانیشدا، کەسێکی سەر بە کەمایەتییەکان کە مەزهەبی شیعە نەبێت، وجودی نییە.

لە ناوچە میللییەکاندا، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەییەکان قەدەخەن و چالاکیی یاساییان نییە. هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی لەو ناوچانەدا بە ئازادی تێکۆشانی نییە. خەڵک ئەگەر داخوازێکی سیاسی بێننە گۆڕێ، لەگەڵ سەرکوت و زەبروزەنگ بەرەوڕوون دەبنەوە.

ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی سەر بە کەمایەتییەکان قەدەغەن یا هەر بوونیان نییە یا داخراون یا زۆر کەمن و ئەوانەش کە بوونیان هەیە لە ژێر تیغی سانسۆڕدان و ناتوانن زمانحاڵی خەڵک بن و داخوازەکانی نەتەوە بندەستەکان بهێننە گۆڕێ.

فەرماندە باڵا نیزامی و ئینتیزامی و ئەمنیەتییەکان، سەرۆکانی دەزگای قەزایی و ئیجرایی و یاسادانان، کارمەندان و بەرپرسانی بەشە جۆراوجۆرەکانی بەیتی ڕێبەری، مەجلیسی هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم، کوردێکیان تێدا نییە و نوێنەری کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە نێو ئەواندا نابینرێ.

پۆستە باڵاکانی وەزارەتی نێوخۆ، بازرەسی گشتی، دیوانی عەداڵەتی ئیداری، بۆ کەسانی سەر بە کەمایەتییەکان قەدەغەن. لە مەجلیسی خوبرەگاندا، نوێنەری کەمایەتییەکان بوونی نییە. لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامیشدا، ئەوانە کە بوونیان هەیە هیچ ڕۆڵێکیان نییە و لەسەر سیاسەتدانانی ئێراندا کاریگەرییان نییە. لە دەنگوڕەنگی بەناو میللیدا، لە وەزارەتی دەرەوە و سەفارەتخانەکاندا، نوێنەری کەمایەتییە نەتەوەییەکان بوونیان نییە هەر بۆیە ناشتوانن لە بڕیاردان و سیاسەتگوزاریدا بەشدار بن و شوێندانەرییان هەبێت.

ئەوەی باسمان کردن تەنیا گیروگرفتە سیاسی و حقوقی و قانوونییەکانن. لە کردەوە و بەرخوردی ڕۆژانەدا و لە هەڵسوکەوتی دامودەزگاکانی دەوڵەتیدا، بە هەزاران شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئاڵۆز و پڕسەرێشە بۆ کەسانی سەر بە کەمایەتییەکان، وەک ئێمەی کورد، لە دەرفەت و ئیمکاناتی بەرانبەر بۆ وەرگرتنی کار و پۆست و مەقام و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و تەنانەت لە کارکردن لە هەندێک دامودەزگای دەوڵەتیشدا، جیاوازی و هەڵاواردنیان لەگەڵ دەکرێ. بۆ نموونە پۆستەکانی هێزە نیزامی و پۆلیسی و ئەمنییەکان، ڕێکخراوەکانی گوزینش و چاودێری و کۆنترۆڵ و ئیدارەی بەندەر و شارێکان و نوختەسنووری و دەزگا گرنگە ئابووری و بازرگانی و سەنعەتی و عیلمی و. . . هتد.

ئێستا بزانین ئەو وەزعەی باسمان کرد لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ.

شێوەی درووستبوونی سیستمی حکوومەتی و دەوڵەتی لە ئێراندا، لەسەر بناخەی سانترالیزم و مەرکەزگەرایی دامەزراوە. ئەوە پێی دەوترێ مۆدێلی ڕەزاخانی. هیچ سەرنجێک ناداتە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئێتنیکی، سیاسی، کولتووری و دێمۆگرافیایی دانیشتووانی ئێران. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەیکە کەمایەتییە نەتەوەییەکان نەتوانن لە کاروباری ئیداری و سیاسی وڵاتەکەیاندا بەشدار بن و تەنانەت لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆشیاندا هیچ ئیختیارێکیان نەبێت.

لەلایەکی دیکەوە هەر لە سەرەتاوە کاربەدەستانی ئێران تێکۆشاون مەسەلەی کەمایەتییەکان، وەک مەسەلەیەکی سیاسی نەبینن و لە باشترین حاڵەتدا، کە باسی دەکەن دەیخەنە چوارچێوەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و پێیان وایە لە ڕێگای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە چارەسەر دەبێت و کێشەی کوردستان دەبڕێتەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تا کاتێک مەسەلەی بەشداری کەمایەتییە میللییەکان و مەسەلەی کورد بەتایبەتی وەک کێشەیەکی سیاسی بە ڕەسمی نەناسرێ و قبووڵ نەکرێ، کێشەکە بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە. چوونکە لەو حاڵەتەدا ئێمەی کورد هەر خۆمان بە غەدرلێکراو دەزانین و لە ئاکامدا بەدژی خەبات و بەربەرەکانی دەکەین. ئەو غەدر و ناعەداڵەتییەش کە لەگەڵمان دەکرێ بەربەرەکانێی لەگەڵ دەکەین بۆیە کێشەکە هەر لە جێی خۆی دەبێ.

هەموو کاربەدەستانی ئێران، چ لە زەمانی شادا و چ لە زەمانی ڕێژیمی تازەدا و تەنانەت ڕاست و چەپی سیاسەتی ئێران، تێدەکۆشن مەسەلەکە وەک کێشەیەکی سیاسی نەبینن. ئەوەش بۆ ئەوەیە کە ڕێگاچارەی سیاسی بۆ دانەنێن و حاشای لێ بکەن. جەوهەری ئەو سیاسەتەش ئەوەیە کە ڕێگا لە بەشداریی ئێمە کوردەکان و کەمایەتییەکانی دیکە لە کاروباری سیاسی و ئیداری ئێراندا بگرن و نەهێڵن خەڵک لە ماف و ئازادییە سیاسییەکانی خۆیان بەهرە وەرگرن. چونکە ئەودەم وەک ئێستا ناتوانن دەسەڵاتی خۆیان بەکەیفی خۆیان بسەپێنن.

جەوهەری ئازادی و دێموکراسی و سیتیزێنشیپ، بریتییە لە موشارەکەت و ڕەقابەت و دیالۆگ.

کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە نە ڕێگای بەشدارییان لە کاروباری سیاسیدا دەدرێتێ، نە مەیدانی ڕەقابەتیان هەیە و نە ئیجازەشمان دەدەنێ دیالۆگ بکەین و کێشەکانی خۆمان بە ئازادی بێنینە بەرباس.

سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی تەنیا سەرکوت و زەبروزەنگ و گرتن و ڕاونان و بێبەشی و مەحروم ڕاگرتن و بێبەش هێشتنەوەی ئێمەیە لە سەروەت و سامان و خێروبێری وڵات و ڕاگرتنمانە لە مەینەتبەشی و بێبەشی سیاسی و فەرهەنگیدا. تەنانەت وەک براچوکەش تەماشا ناکرێین، زربراش نین، ناهێڵن لەسەر سفرە لەگەڵیان دانیشین، لە پاشخانەش ڕێگات نادات، کاک سەعید وتەنی: «لە دەرەوەی خێوەتەکە ڕایگرتوین و دەیهەوێ وەک خزمەتکار لەبەردەستیدا بین».


بەوجۆرە دەبینین کە گەلی کورد و کەمایەتییەکانی دیکە لە ئێراندا، لە ژێر تەبعیز و هەڵاواردنێکی توندی سیاسیدان و شوناس و کەرامەتی ئینسانی و میللی و فەرهەنگیان پێشێل دەکرێ.

خەباتی کورد و بزووتنەوەی کورد بۆ گۆڕینی ئەو وەزعەیە، بۆ شکاندنی ئەو قاوغەیە، بۆ وەلانانی ئەو مۆدێلەیە لە دەوڵەتداری و حکومەتداری. کار و خەباتی ئێمە بۆ دیسانترالیزەکردن و دێموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسییە لە ئێراندا، بۆ دابینکردنی هەلومەرجێکە کە بەشداریی کاریگەر و دیالۆگ و ڕەقابەتمان بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا، بۆ شوێندانان لەسەر کاروباری وڵات و چارەنوسی خۆمان بۆ دەستەبەر بکات.

کورد حەقی خۆیەتی لە ئاستی سەرانسەریدا، لە ئاستی ناوچەکانی خۆیدا و لەوەش زیادتر لە ئاستی هەموو ناوچەکەدا، تەئسیر و کاریگەری لەسەر سیاسەتگوزاری و بڕیاردان و پرۆژەسازی هەبێت. ئەوە حەقی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکەشە. بەگوێرەی پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان و ئەسڵە پەسندکراوەکانی کۆمەڵگای جیهانی، کورد مافی خۆیەتی لەسەر خاکی نیشتمانی هەزاران ساڵەی خۆی، خۆی بەڕێوەبەرێ و لە سیاسەتی ناوچەکەشدا قازانج و بەرژەوەندییە ڕەواکانی خۆی بەرێتە پێش.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێگای چارەسەری ئەو وەزعە لە دابینکردنی ئازادی و دێموکراسی، تەزمینی دۆزینەوەی کاناڵەکانی بەشداری و موشارەکەتی گەلانی ئێران لە ڕێگای ئۆتۆنۆمی و خودموختاری و فیدرالیزم و دەسەڵاتی ناوچەیی و دابەشکردنی دەسەڵاتی حکومەتی و برابەشیش لە حەقی حاکمیەتدا دەبینێ. بۆ ئەو مەبەستەش خەبات دەکات. کێشەکە وەک مەسەلەیەکی سیاسی دەبینێ و پرۆژەی سیاسیشی بۆ چارەسەری کێشەکە پێیە.

دوکتور شەرەفکەندی وەک ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ، بردنەپێشی ئەو پرۆژە سیاسییەی بە ڕیسالەتی خۆی دەزانی هەر بۆیە بە ئاگاهی تەواوەوە، بەتێگەیشتن لە مەسئولیەتێک کە لەسەر شانی خۆی هەستی پێدەکرد، ڕێگای خەبات و شۆڕشی هەڵبژاردبوو و سەرەنجام گیانیشی لە پێناویدا دانا. کاک سەعید لەوپەڕی ئاگاهی و وشیاریدا ڕێگای پێشمەرگایەتی هەڵبژاردبوو.



درێژەی هەیە.....

# گەرمبوونی زەوی کێشەی هاوبەشی مرۆڤایەتی

زاگرۆس

بە ملوێن ساڵ لە وەدیهاتنی گۆی زەوی تێدەپەڕێت و لەم ماوە دوورودرێژەدا بە هەموویەوە بە ڕێژەی سەد و پەنجا ساڵی ڕابردوو گۆڕانکاری لە کەشوهەوادا پێکنەهاتووە و ئەم گۆڕانە و کێشەکانی سەرچاوەگرتوو لە زێدەخوازی مرۆڤ وای کردووە کە کۆی ژیان تووشی کێشە بێت و بەپێی هەندێ لە بەراوردەکان ئەگەر دۆخی هەنوکەیی بەردەوام بێت لە سەد و پەنجا ساڵی داهاتوودا ڕەنگە ئاسەواری ژیان بەگشتی لە نێو بچێت و ئەگەر هەر لە ئێستاوە بەر بەم گۆڕانە هەوسارپچڕاوە نەگیرێت قەرەبووکردنەوەی ئەستەم دەبێت و وەک بایدن لە کۆبونەوەی گلاسکۆدا ڕایگەیاند: «ئەم دەیە بۆ دیاریکردنی داهاتووی ژیان چارەنووسساز دەبێت».

گەرمبوونی پلەی گەرما کە سەرچاوەگرتوو لە بەرهەمهێنانی گازە گوڵخانەییەکانە ئەو کێشە مەترسیدارەیە کە وەک سەرچاوەی گۆڕانکارییە نەرێنییەکانی دیکە چاوی لێ دەکرێت و هاوکات لەگەڵ گەرمکردنی زەوی زۆربوونی گازە گوڵخانەییەکان دەبێتە هۆی پەرەگرتنی گۆڕانی کەشوهەوا، هاتنی لەناکاوی لافاو، وشکەساڵی و ئاگرکەوتنەوەی گەورە لە دارستانەکان و بەپێی دوایەمین ڕاپۆرتی کەشناسی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەگرتنی بەرهەمهێنانی گازە گەرمکەرەوەکانی زەوی، پلەی گەرمای ئەم هەسارەی ٧/٢ دەرەجەی سانتیگراد زیاد کردووە و بەپێی ڕاپۆرتی کەشناسی جیهانی حەوت ساڵی ڕابردوو گەرمترین ساڵەکانی مێژوو بوون.

ڕاپۆرتێک کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ٢٠ ئۆکتوبری ٢٠٢١ بڵاو کراوەتەوە ئاماژە بەوە دەکات کە دەرهێنان و کەڵکوەرگرتن لە وزەی فۆسیلی لەلایەن وڵاتە جیاوازەکانەوە زیادتر لەو ڕێژەیەیە کە بەر بە گەرمتربوونی زەوی لە سەر بنەمای ڕێککەوتنی پاریس بگرێت.

هەر لەم ڕاپۆرتەدا باس لەوە کراوە کە بەکارهێنانی گاز هەروەک پێشتر ٧١ لە سەدە و ٥٧ لە سەد لەو ڕێژەیە زیادترە کە وڵاتان لە کۆبوونەوەی پاریس لەسەری ڕێک کەوتبوون.

١٨ ناوەندی هەواڵگری ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا ڕایانگەیاندووە کە دواهاتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا هەڕەشە لە تەناهی ئەمریکا دەکات و وەبیریان هێناوەتەوە کە گۆڕانی سەرچاوەگرتوو لە گەرمی زەوی، ناکۆکی و ڕکەبەری نێوان وڵاتانی پەرەپێداوە و بووەتە هۆی ناسەقامگیری دنیا. یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبونەوەی وڵاتانی گرووپی ٢٠ لە ڕۆژانی ڕابردوودا گۆڕینی کەشوهەوا بوو و وڵاتانی بەشدار لەم کۆبونەوە بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک پشتگیرییان لە کۆنفرانسی پاریس کرد و پێداگریان لە سەر ئەو خاڵە کردەوە کە دەبێ ڕێژەی گەرمبوونی زەوی بۆ ١,٥ دابەزێت، هەرچەند مێرکێل و سەروکۆەزیرانی ئیتالیا لە ئاکامی دانیشتنەکانیان لەم پەیوەندییەدا ڕازی بوون، بەڵام ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان وەک هەنگاوێکی لاواز ناویان برد و سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئامانجەکانی ئەم ڕاگەیەندراوەیان وەک ئاواتی وەدینەهاتوو پێناسە کرد.

کۆنفرانسی گۆڕانی کەشوهەوای cop٢٦ بە بەشداری نوێنەرانی نزیکەی ٢٠٠ وڵاتی دنیا ڕۆژی یەکشەممە ٣١ ئۆکتۆبر لە گلاسکۆی وڵاتی ئیسکاتلەند دەستی بەکارەکانی کرد تا وەک سەرۆکوەزیرانی بریتانیا لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێکرد بەر بە لەنێوچوونی زەوی بگرن و وڵاتانی دنیا بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سووتەمەنییە فۆسیلییەکان و کەڵکوەرگرتن لە وزەی خاوێن هان بدەن چوونکە هەروەک لە ڕاپۆرتی دەزگا هەواڵگرییە ئەمریکاییەکاندا ئاماژەی پێکراوە گەرمبوونی زەوی کێشەیەکی جیهانییە و ئاستەنگەکانی بەرۆکی وڵاتانی ساماندار و پێشکەوتوویش دەگرێتەوە.

هەرچەند هێشتا زۆر زووە لەسەر ئاکامی کۆنفرانسی گلاسکۆ بڕیار بدەین بەڵام ئامادەنەبوونی سەرۆکی دوو وڵاتی گەورەی بەرهەمهێنەری گازە گەرمکەرەوەکان یانی چین و ڕووسیا، سەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتنی ئەم کۆبوونەوە لەگەڵ پرسیار ڕووبەڕوو دەکاتەوە و هاوکات نەبوونی سزایەکی یاساییش بۆ وڵاتانی پێشێلکەری ئەم ڕێککەوتنە وا دەکات تەنیا وەک ئاواتێکی دوورەدەست بێتە بەرچاو.

ئێران وەک یەکێک لەو وڵاتانەی کە ڕێژەیەکی زۆری گازە گۆڵخانەییەکان بەرهەم دێنێت تووشی مەزنترین کێشەکان لەم پەیوەندییەدا بووەتەوە و ڕاپۆرتی ئاماژەپێکراوی ئەمریکا باس لەوە دەکات کە وشکەساڵی بەردەوام لە ئێران دەبێتە هۆی جێگۆڕکێی حەشیمەت و وشکەساڵی و شەپۆلی گەرمای زۆر هۆکاری پەرەگرتنی وشکاڕۆکان لەم وڵاتەن و ئەم ڕەوتە هاوتەریب لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی لاوازی ئاو دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و هەڵکشانی تێچووی هاوردەکردنی ئەم بەرهەمانە، ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆکاری ناسەقامگیری و پێکدادانی ناوچەیی و کۆچی بە ناچاری خەڵک.

**ئێران وەک یەکێک لەو وڵاتانەی کە ڕێژەیەکی زۆری گازە گۆڵخانەییەکان بەرهەم دێنێت تووشی مەزنترین کێشەکان لەم پەیوەندییەدا بووەتەوە و ڕاپۆرتی ئاماژەپێکراوی ئەمریکا باس لەوە دەکات کە وشکەساڵی بەردەوام لە ئێران دەبێتە هۆی جێگۆڕکێی حەشیمەت و وشکەساڵی و شەپۆلی گەرمای زۆر هۆکاری پەرەگرتنی وشکاڕۆکان لەم وڵاتەن و ئەم ڕەوتە هاوتەریب لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی لاوازی ئاو دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و هەڵکشانی تێچووی هاوردەکردنی ئەم بەرهەمانە، ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆکاری ناسەقامگیری و پێکدادانی ناوچەیی و کۆچی بە ناچاری خەڵک.**



هەرچەند وەک باسمان کرد گەرمبوونی زەوی دیاردەیەکی جیهانییە بەڵام بەڕێوبەرایەتی گەندەڵ و مافیای سپای پاسداران لە ڕێڕەوی وەدەسهێنانی بەرژەوندی تاکەکەسی و ڕێکخراوەییدا بە چێکردنی دەیان بەنداو، لێدانی هەزاران چاڵاو، بڕینەوەی دارستانەکان بوونەتە هۆی ئەوەیکە مەترسییەکان زیادتر هەستی پێبکرێت. بۆ نموونە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا نزیکەی شەست لە سەدی دارستانەکانی جوغرافیای ئێران لە ناو چووە و بە دەیان تاڵاو وشک بوون و دوو گۆلاوی مەزنی ورمێ و زرێبار بەرەو لەناوچوون دەچن، هەروەها وڵاتی ئێران لەباری ڕێژەی لەناوچوونی خاک لە دنیادا پلەی یەکەمی هەیە و هەواڵدەری ئیسنا لە زاری محەممەدی شەکرچیزادەوە بڵاوی کردەوە کە یەک لە سەر سێی دەشتەکانی ئێران لە ژێر کاریگەری داتەپینی زەویدان هەر بەم بۆنەوە ٢٠ملوێن کەس لە ١٨ پارێزگا لە بەردەم مەترسیدان.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کەتوارێکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەگەر دەسەڵاتی ئاخوندەکان بەردەوام بێت و ئێمەی وڵات داگیرکراوی زاگرۆسنشین نەتوانین خۆمان لەم کۆلۆنالیزمە ڕزگار بکەین لەو یەکەمین نەتەوانە دەبین کە بەشێک لە وڵاتەکەمان بەهۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە خاڵی لە حەشیمەت دەبێ و بەشێکی دیکەشی لە هەموو لایەکەوە تووشی حەشیمەتێکی زۆری کۆچبەران بۆ وەدەسختنی ئاو دەبێت.

# ئاژاوەنانەوەی سپای تێرۆریستی پاسداران

ئالان سلێمانی

بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی بەرحەقی خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران لەلایەک و لەلایەکی ترەوە بۆ پارێزگاری کردن لە باندی خومەینی و دەسەڵاتە ناڕەوا و داسەپاوەکەی، سپای تێرۆریستی پاسداران لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و بە فەرمانی خومەینی دامەزرا.

سەبارەت بە سەپاندنی زۆرەملێ و داعشیانەی دەسەڵاتی ئاخوندەکان و دەستبەسەرداگرتنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران، سپای تێروریستی پاسداران نەخشی بەرچاوی گێڕا و توانی هێژمۆنی ئەم دەسەڵاتە ناڕەوا بسەپێنێ؛ ئەمەش بە چەند ڕێکاری جۆراوجۆر لەوانەش: کەڵکوەرگرتن لە کرداری قێزەونی وەک تیرۆری جەستەیی و تیرۆری کەسایەتییەکان کە چەندین ساڵ بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران بە شێوەی سیستماتیک و دەوردیتوو هەوڵی بۆ درابوو.

پێش لە گەڕانەوەی باندی خومەینی لە دەرەوەی وڵات بۆ ئێران لە نێو ئەرتەشی ناوەندگەرای ئێران دووبەرەکی نایەوە. هەروەها پاسدارانی گوێڕایەڵی باندی خومەینی بە لەبەرکردنی جلوبەرگی ئەرتشی بۆ پێشوازی کردن لە خومەینی ڕێژە ڕۆیشتن.

بە تێگەیشتوویی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد و لەسەرووی هەمووان حیزبی دێموکرات ناڕوونی و چیەتی ڕێژیمی خومەینی زووتر لەوەیکە خۆیان چاوەڕوانیان دەکرد ئاشکرا بوو بۆیە خەڵکی کوردستان لە سەرەتاوە «نا»یان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گوت. باندی خومەینی تەواوی هێزی سپای تێروریستی پاسدارانی تەیار کرد بۆ تێرۆر و کوشت و کوشتاری خەڵکی کوردستان، بە تایبەت بۆ دژایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ کە لوتکەی جینایەتەکانی کوشتاری بێبەزەییانەی خەڵکی بێدیفاع لە شار و گوندەکانی کوردستان و لە سەرەتاکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی بوو.

بە دەرچوونی فتوای خومەینی لەژێر ناوی جیهاد ویست و داخوازی خەڵکی کوردستان بە ئاگر و ئاسن وڵام درایەوە کە سپای تێرۆریستی پاسدارانیش بە دەمامکی شەڕ لەگەڵ کوففار بزوتنەوەی کوردی وەحشیانە سەرکوت کرد. ئاژاوەکانیان تەشەنەیان ئەستاند و پەلی هاویشتە نێو ئایین و ئایینزا جۆراوجۆرەکان. دووبەرەکی خستە نێوان شێعە و سوننەکانی ئێران کە ساڵهای ساڵ بوو پێکەوە بێ کێشە و گرفت دەژیان کە ئەم پیلانە تاکوو ئێستاش ئاسەواری چەپەڵ و ڕەشی لە سەر کۆمەڵگادا ماوەتەوە.

دوای بەرگری قارمانانە و خۆڕاگری گەلی کوردستان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و سکرتێریی دوکتور قاسملووی نەمر، بەسەر داعشی خومەینیدا، باندی خومەینی و سپای تیرۆرپەروەری پاسداران کەوتنە بیری تیرۆرکردنی ڕێبەرانی مەزنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە ژێر ناوی وتوویژ، پیلانی تیرۆریان بەڕێوە برد و بەمشێوەیە لاپەڕەیەکی ڕەشی تریان لە مێژووی چەپەڵی خۆیاندا تۆمار کرد. سپای تیرۆرپەروەری پاسداران لەم ٤٣ ساڵەدا بەردەوام لە ڕاهێنانی تیرۆرپەروەری و ئاژاوەنانەوە کاری کردووە کە ڕوونە مەبەستی مانەوەی دەسەڵاتی باندی داعشی خامنەیی بووە و هەیە کە بۆ ئەم مەبەستە چەپەڵە لە هەموو داهات و سەرمایەی خەڵکانی ئێران کەڵکی وەرگرتووە.

بەکورتی لە بنچینە و هەر لە سەرەتاوە ئیستراتیژی سپای تێرۆریستی پاسداران لەسەر تێرۆر، ئاژاوەنانەوە و سەرکوتی خەڵک و بەتایبەت خەڵکی کوردستان بووە.

پاش ڕاگەیاندنی ڕاسانی فەرەهەند لە ساڵی ١٣٩٥ لە لایەن سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکرات کە مەبەستی بەرۆژکردنەوەی خەبات بۆ وەدەستهێنانی ویست و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، سپای تێرۆریستی پاسداران بۆ دژایەتی ڕاسان و ویست و داخوازی خەڵکی کوردستان ئاژاوەگێری و فیتنەگێڕییەکانی بە شێوەی داعشیانە و نوێتر لە پێشوو دەس پێکردەوە.

بۆ ئەم مەبەستە چەپەڵەش هەوڵ دەدات لە کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان کەڵکاوەژووی خۆی وەربگرێت؛ بۆنموونە کێشەگەلی وەک قەیرانی ئاو و کێشەی لێرەوارکان و پرسی نێوان عەشیرەتەکان و گوندەکان کە پرسگەلێکی نوێ نین بەڵام لەهەرحاڵدا خەسار بە شوناسی کورد و بزووتنەوەکەی دەگەیەنێت و لە هەمان کاتیشدا ڕێگە خۆش دەکات بۆ خەساری زیادتر.

لە جاشەکانی نێو تایفە و عەشیرەتەکان بۆ تیندان و دنەدانی لایەنەکان بەدژی یەکتر کەڵک وەردەگرێ و لە بەرانبەر یەکیاندا ڕادەگرێ .

لە نێو ئەم کێشە و دووبەرەکییەشدا دەیهەوێ هەندێک کەسی نەفس نزم بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و تەریک کەوتنەوەی خۆی بە ڕاکێشانی ئەم کەسە نەفس نزمانە پڕ بکاتەوە بەڵام ئەمە تەنیا بەشێک لە پیلانەکەیە و ڕوویەکی تری ئەم مەسەلە هەوڵێکی نەزۆکە بۆ بەرەوڕووبوونەوەی بزووتنەوەی مافخوازانە و شوناسخوازانەی گەلەکەمان کە لە ئێستەدا ڕاسان پێشەنگایەتی دەکات.

**لە جاشەکانی نێو تایفە و عەشیرەتەکان بۆ تیندان و دنەدانی لایەنەکان بەدژی یەکتر کەڵک وەردەگرێ و لە بەرانبەر یەکیاندا ڕادەگرێ . لە نێو ئەم کێشە و دووبەرەکییەشدا دەیهەوێ هەندێک کەسی نەفس نزم بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و تەریک کەوتنەوەی خۆی بە ڕاکێشانی ئەم کەسە نەفس نزمانە پڕ بکاتەوە بەڵام ئەمە تەنیا بەشێک لە پیلانەکەیە و ڕوویەکی تری ئەم مەسەلە هەوڵێکی نەزۆکە بۆ بەرەوڕووبوونەوەی بزووتنەوەی مافخوازانە و شوناسخوازانەی گەلەکەمان کە لە ئێستەدا ڕاسان پێشەنگایەتی دەکات**

هاتنە پێشی کێشەی کومەڵایەتی شتێکی سروشتییە و لە هەموو دنیادا و لە هەموو کۆمەڵگایەکی بەشەری هەر هەبووە و هەر دەشبێ بەڵام ئەوەیکە گرینگە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم کێشانەیە. بە هەڕەشە و گوڕەشە لە یەکترکردن نەتەنیا ئەم کێشانە چارەسەر نابن بەڵکوو زیادتر ڕێگە بۆ قوڵبوونەوەیان خۆش دەبێ.

ئەوەی گرینگە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانە؛ واتە لایەنەکانی کێشەکە دەبێ لەو ڕاستی و هەقیقەتە بە باشی تێبگەن کە قووڵبوونەوە و تەشەنەسەندنی ئەم کێشانە زیان بە یەکگرتوویی خەڵک دەگەیەنێ و قازانج بە ڕێژیمی ملهۆڕ. کەواتە لە جیاتی ئەوەیکە ڕق و قینیان بەسەر دوژمنانی نەتەوەکەمان هەڵڕێژن بە سەر یەکتری هەڵدەڕێژن. ئەوەش دەرفەتێکە کە بۆ سپای تێرۆریست دەڕەخسێ تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرێ کەڵکی خراپی لێوەر دەگرێ.

بۆیە خەڵکی کوردستان نابێ بهێڵن کێشەکانیان قوڵتر ببێتەوە و بۆ چارەسەری ئەم کێشانەی نێو کۆمەڵگا لە ڕێڕەوێک کەڵک وەربگرن کە نەتەنیا خەسار وە بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکان بگەیەنێ و نە بزووتنەوەی گەلەکەیان تووشی خەسار بکات؛ کەم نین ئەو کەسە خۆشناو و نیشتمانپەروەرانەی کە دەتوانن بەئاسانی ئاو بەم ئاگرانەدا بکەن و ڕێگر دەبن لە خۆتێخزاندنی دژبەران و ئاژاوەگێڕانی سەر بە سپا!

# ژنی کورد، هەوێنی ژیان و ڕاگری ڕاسانی ڕۆژهەڵات



**جاقل**

لە جیهانی پیاوسالاردا و لە نێو نەتەوە جیاواز و کەلتورە جیاوازەکاندا خوێندنەوەی جیاواز بۆ پرسی ژن و مافی ژن هەیە. لەمبارەوە، وڵاتان و نەتەوەکان تا ڕادەیەک لەژێر هێژمۆنی و شوێندانەری ئەو کەلتورانەدان کە جیهانی مۆدێرن و تێکنۆلۆژی دروستی کردوون. سەرچاوەی ئەم کەلتور و وردەفەرهەنگانە زۆرجار ڕاستەوخۆ و هەندێجار ناڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی ڕۆژاوا و وڵاتانی لیبراڵ.

ئەو ڕێژەیەی کە نەتەوەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەکەونە ژێر تەئسیری فەرهەنگی وڵاتانی ڕۆژاواییەوە زۆر زیادترە لەوەیکە خەڵکی وڵاتانی ڕۆژاوایی هەست بەوە بکەن کە پێویستیان بە بیرکردنەوە لە کەلتور و دابونەریتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی هەیە. هۆکارگەلێکی زۆر و بنچینەیی لە پشت ئەم هێژمۆنییە فەرهەنگییەوە بوونیان هەیە.

جیهانی ڕۆژاوا سیستمێکی بەڕێوەبەری سەقامگیری تێدا جێگیر کراوە کە ڕێژەی ئازادی بۆ ژیانی ئینسانەکان زۆر زیاترە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی.

دەسەڵاتی ڕۆژاوایی لە جۆرە جیاوازەکانی هێز بەهرەمەندە و خەڵکی ئەو وڵاتانە لە سۆنگەی هێزەکانەوە سەروەرییان بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە.

لێرەدا مەبەست هەڵسەنگاندنی تواناکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای جیهان نییە و بە چاک یان خراپ زانینی هەر کام لەم کەلتورانە لە بەڕێوەبەریی وڵاتدا هەڵەیەکی مەترسیدارە.

نەتەوەکان، خاوەنی زمان و کەلتور و دین و جوغرافیای تایبەت بە خۆیانن و زۆر سروشتییە شێوەی ژیانەکانیشیان لەگەڵ یەکتری جیاوازی هەبێت بەڵام ئەوەی گرینگە، ئەوەیە کە هەر ڕەگەزێک لە چوارچێوەی بنەماڵە و نەتەوەی خۆیدا خاوەنی کەسایەتی و کەرامەتی ئینسانی خۆی بێت و لە ئازادی ئینسانی و سروشتی خۆی بەهرەمەند بێ و کەڵک وەربگرێ.

ئازادی گەورەترین نێعمەتە کە ئینسان دەتوانێ بە پاڵپشتی ئەو، خۆی بناسێ و هەڵەکانی قەرەبوو بکاتەوە و چۆنیەتی ژیان بە دڵی خۆی هەڵبژێرێ.

لە هەر شوێنێ کە ئازادی کەم بێ بێگومان ژیانی مرۆڤەکان زیادتر دەکەوێتە مەترسییەوە؛ بۆنمونە ئەگەر لە ئابووریدا باشترین پێوەر داهاتی سەرانەی خەڵکی وڵاتێک بێ، بۆ ژیانیش دەتوانرێ ڕێژەی ئازادی لە وڵاتێکدا بکرێتە پێوەر بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە.

لە هەموو جیهاندا ژن هێشتا نەیتوانیوە بە مافەکانی خۆی بگات هەرچەند کە ئەم نیسبەتە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا جیاوازە. جیهانی ڕۆژاوایی و نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانیان هەندێ جیاوازی ڕیشەییان لەگەڵ نەتەوەی ئێمە هەیە.

لە پرسی ژن و ئازادیشدا ئێمەی کورد بەپێی چۆنیەتی کەلتور و نەتەوەی خۆمان دەبێ بە وریاییەوە هەنگاو هەڵبگرین و بەردەوام بین لە سەر دروستکردنی سیستمێکی خۆماڵی و بەرپرس کە لوتکەی ئارمانەکانی گەیشتن بە ئازادی و کەرامەتی ئینسانی بێت .

تەنانەت ژنی کورد و کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ ژنی نەتەوەکانی دراوسێمان هاوشێوە نین. ڕێژیمە توتالیتێرەکان کە هەوڵی یەکدەستکردن یان وەک یەک ناساندنی کۆمەڵگاکان دەدەن لە جیاوازی و ڕەنگاڵەبوونەکان دەترسن.

لە سەردەمی ئێستادا یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی ژنی کورد لەگەڵ ژنی نەتەوەکانی دەوروپشتمان ئەوەیە کە ژنی کورد هەوێنی ژیانە لە خێزان و کۆمەڵگادا و لە هەمانحاڵدا خەباتکارێکی شێلگیر و کۆڵنەدەرە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی. سەرەڕای زاڵبوونی کەلتورە ڕۆژاواییەکان، ژنی کورد لە خۆشترین و بەرزترین ڕۆژ و بۆنەکاندا بە جل و کەلتوری ڕەسەنی خۆیەوە دەردەکەوێ. ژنی کورد لە ئاستی کۆمەڵگادا ژنێکی دەسترەنگین و هونەرمەندە و بە پەروەردەی دروستی منداڵەکانی و لەدەستنەدانی پلە و پایەی لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا سنوری خۆی لەگەڵ ژنی نەتەوەکانی دیکە دەپارێزێ.

لە بیرکردنەوە لە ئازادیدا کچی کورد جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ کچانی هاوتەمەنی کە لە نەتەوە غەیرە کوردەکانن.

زەینی کچانی نەتەوەکانی جیرانمان گرێدراوی وانە مەزهەبییەکانە و کەمتر دەتوانن بچنە جیهانێکی فیکری ئازادەوە. ئەوان ئازادییان وەک دیارییەک پێدەدرێ بەڵام کچی کورد خاوەنی زەینێکی شرۆڤەکارتر و فەلسەفیترە و بێدەسەڵاتانە چاوەڕوانی ئازادی نییە. ئافرەتی کورد ئازادی خۆی بە سەر خێزان و کۆمەڵگادا دەسەپێنێ و دەیان نمونە هەن کە هەرکات لە بەردەم ئازادییەکانیدا ڕێگری کرابێ، ئافرەتی کورد بووەتە خەباتکارێکی ئاشکرا و بە بێ هیچ خۆبەکەمزانینێک چەکی شەرەفی کردووەتە شانی.

> **ژنی کورد هیچکات وەک ژنی نەتەوەی باڵادەست بۆ ئازادییەکی کاتی سەرشەقامی هەوڵی نەداوە یان لە کوێرەڕێگاکانی چەقبەستووی میتافیزیکی خورافاتیدا بە دوای ژیاندا نەگەڕاوە. ژنی کورد ڕۆحی شادی بەخشی ژیانی کۆمەڵگا و هێزی داڵدەدەر و پشتیوانی شۆڕش بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و سەربەستی بووە و هەیە. چەکهەڵگرتن و شەهیدبوون و جەرگسووتان نەیتوانیوە پێشمەرگەی ژن لە ئاواتە ڕەسەنەکانی پاشگەز بکاتەوە و کەتواری پڕکاکڵەتر ئەوەیە کە بڵێین ژنی کورد هونەرمەندێکی ژیان و شۆڕشە کە لە جیهان و ناوچە و جوغرافیای ئێراندا وێنەی نییە**

ئەگەر هەمووی کۆمەڵگای کوردی یان خێزانەکانیش خاوەنی بڕوایەکی ئایینی یەکگرتوو نەبووبێتن ژنی کورد لە جەرگەی ئەدەب و ئەخلاقەوە هەڵقوڵاوە و هەمیشە لەگەڵ ئەوە کە خەسڵەتە ژنانەکانی خۆی پاراستووە لەگەڵ پیاودا هاوشان و هاوکار و هاوخەباتێکی هەمیشەیی بووە .

لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا ژن وەک ڕاگری شۆڕش لە هەموو بەشە جیاوازەکاندا زۆر پڕڕەنگ دەرکەوتەوە. ژن و کچی کورد لە سەنگەرەکانی شاخ و شاردا پاڵپشت و هێزی مانابەخشی خەبات بۆ ژیانێکی باشتر بوون. لە جیهانی خوازەکیشدا ئاساییترین ئافرەتی کورد شوێندانەری زۆری هەبووە لە گشتگیرترکردنی پرسی نەتەوایەتیدا.

کەتوار و ڕاستییەکانی پرسی ژن لە کوردستاندا زۆر پڕبایەخترن لەوە کە لە چەند دێڕی کورتدا باسی لێوە بکرێ. ژنی کورد هیچکات وەک ژنی نەتەوەی باڵادەست بۆ ئازادییەکی کاتی سەرشەقامی هەوڵی نەداوە یان لە کوێرەڕێگاکانی چەقبەستووی میتافیزیکی خورافاتیدا بە دوای ژیاندا نەگەڕاوە. ژنی کورد ڕۆحی شادی بەخشی ژیانی کۆمەڵگا و هێزی داڵدەدەر و پشتیوانی شۆڕش بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و سەربەستی بووە و هەیە. چەکهەڵگرتن و شەهیدبوون و جەرگسووتان نەیتوانیوە پێشمەرگەی ژن لە ئاواتە ڕەسەنەکانی پاشگەز بکاتەوە و کەتواری پڕکاکڵەتر ئەوەیە کە بڵێین ژنی کورد هونەرمەندێکی ژیان و شۆڕشە کە لە جیهان و ناوچە و جوغرافیای ئێراندا وێنەی نییە .

# حولەمەرەسێیەکی تری باندی خامنەیی

**هیوا کوردی**

خومەینی کاتێک بە هەڵفریواندن و درۆ, دەستی بە سەر دەسکەوتەکانی شۆڕشدا گرت، دروشمی «نە شرقی نە غربی، جمهوری اسلامی» بەرز کردەوە. ئەوەش یەکێک لەم هەڵفریواندن و درۆیانەیە بوو کە خومەینی کوتییەوە. مانای قسەی خومەینی ئەوە بوو کە چۆن دژایەتی ڕۆژاوا دەکەین هەر ئاواش دژایەتی ڕۆژهەڵات دەکەین. بە واتایەکی تر ئێمە نە شێوەی دەوڵەتداری کۆمۆنیستی هەڵدەبژێرین نە شێوە دەوڵەتداری لیبراڵ دێموکراتی ڕۆژاوا. ئەم مۆدێلەی کۆماری ئیسلامی ناڕوون بوو.

لە هیچ جێگایەک ئەم شێوە دەوڵەتدارییە تاقی نەکرابوویەوە بۆیە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو گوتی من لە شێوەی دەوڵەتداری ڕێژیمێک بەشدار نابم کە لە هیچ جێگایەکی دونیا تاقی نەکراوەتەوە و چییەتی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێمەی کورد ناڕوونە. دیتمان جگە لە نەتەوەی کورد زۆربەی نەتەوەکانی ئێران بە ئەرێ دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا ولە بەرامبەردا خەڵکی کوردستان دەنگی «نا»یان بەم ڕێژیمە تالیبانییە دا.

بە سەرکوتی ئازادیخوازان و قەدەغەکردنی چالاکی حیزبەکان وردەوردە جینایەتکاربوونی ڕێژیمی تالیبانی دەرکەوت بەڵام هەروەک زۆر دروشمی دیکە، باندی خومەینی بە دوای ئەویشدا باندی خامنەیی لەم دروشمانە پاشگەز بوونەوە و پێچەوانەی قسەکانیان هەڵسوکەوتیان کرد. ڕژیمی بەناو ئیسلامی دژایەتی ڕۆژاوای کرد و خۆی لە چەپی ئیستالینی نزیک کردەوە. خامنەیی لە دەیەی چل کە لە شۆڕەوی ئەوکات ژیابوو لە دەوڵەتداری دیکتاتۆرانەی ئیستالین دەورەی دیت و خۆی بۆ دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیهی ئامادە کرد.

باندی ڕەفسەنجانی دەیانهەویست لە ڕۆژاوا و چین نزیک ببنەوە بەڵام باندی خامنەیی بە تەواوی وجوودەوە دژایەتی دەکرد و لەولاشەوە قانی بە دەوڵەتی ڕووسییە دەدا. هەنووکەش لە شێوەی پۆلیسی و سەرکوتگەرانەی ئەوان کەڵک وەردەگرێ تا تەمەنی ڕێژیمی تۆتالیتێری خۆی درێژە پێ بدات.

بەڵام ڕووسییە لەبەرانبەر ئەم ئیمتیاز وەرگرتنانەدا لە گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دژی ئێران بێدەنگی هەڵبژارد و دژایەتی گەمارۆکانی سەر ئێرانی نەکرد.

ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا وێڕای بەناوی ئیسلاحخوازان نزیکبوونەوە لە ڕۆژاوایان پێ دروست بوو و دەیانهەویست بە وەبیرهێنانەوەی گرێبەستەکانی تورکمەنچای و گوڵستان باندی خامنەیی وشیار بکەنەوە کە دەوڵەتی ڕووسیە جێگای متمانە نییە.

کار لە قاندان تێپەڕی و بەرەو خاکفرۆشی ڕۆیشت. باندی خامنەیی جار لەگەڵ جار بەشێک لە دەریای خەزەری فرۆشت بۆ ئەوەی تەمەنی دیکتاتۆرانەی خۆی ڕاگرێ و درێژەی پێبدا.

دوای بەهاری عەرەبی ڕێژیمی تالیبانی ویلایەتی فەقیە پشتی دیکتاتۆری و سەرکوتگەری دەوڵەتی بەشار ئەسەدی گرت و زیادتر لە پێنجسەد هەزار کەسیان کوشت و بە میلیۆن کەسیان ئاوارە کرد. تێچوویەکی زۆری لە سووریە خەرج کرد و پێشوازی لە هاتنی ڕووسیە بۆ سووریە کرد و پێی وابوو هەر نەبێ نیوەی دەسەڵاتی لە سووریە ڕادەگرێ کەچی دیتمان دوای ئەم هەموو تێچووە مادی و مرۆڤییە هاتەوە سەر حولەمەرەسێ و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لە سوورییەدا نەما.

دوای ئەم هەموو قاندان و خاکفرۆشییەی ڕێژیمی تالیبانی خامنەیی بە ڕووسیە، باڵوێزی ڕووسییە لە عێراق گوتی: «ئێران شەریکی ئیستراتیژیکی ئێمە نییە. ئێمە ١٤ میلیارد دۆلار سەرمایەمان لە پیشەسازی نەوتی عێراق بنیات ناوە کە ئەوە بە ئاشکرا پشتکردنە لە سەرمایەدانان لە پیشەسازی نەوتی ئێران، لە لایەن دەوڵەتی ڕووسییەوە . ڕووسییە لە ڕکەبەرەکانی ئێران نزیک دەبێتەوە و قانیش لە ئێران وەردەگرێ. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە لە پێوەندی قاندان و خاکفرۆشی بە ڕووسییە ڕێژیمی خامنەیی بۆ جارێکی تر هاتەوە سەر حولەمەرەسێ.

# بودجەمان لە حەوزەی عێلمیە کەمە و لە هەژاریدا دەژین! تکایە زیادی بکەن




**ڕووش**

خەڵکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران سەرباری هەبوونی سەدان جۆر کاناڵی داهاتی دەوڵەتی و هەروەها بوونی هەزاران سامانی سرووشتیی بان زەوینی و ژێرزەوینی بەردەوام بە دەست هەژاری و بێدەرەتانییەوە دەناڵێنن و هەنووکە ئەم خەڵکە و ئەم وڵاتە لە ڕیزبەندی جیهانیدا یەکێک لە هەژارترینەکانن؛ بەچەشنێک کە لە زۆربەی پێداویستییە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی ژیان بێبەرین و توانای دابینکردنیان نییە.
ئەمەش وای کردووە کە نرخی چارەڕەشی لە ئێران بەپێی دوائامارەکانی ناوەندی ئامار و بانکی ناوەندی خودی ڕێژیم زیادتر لە ٥١٪ بێت کە وەک دەڵێن خراپترین دەورانە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا ئەزموون کراوە.
پڕئاشکرایە کە ئەو چینەی لەم دۆخە شپرێوەدا زۆرترین خەسارەکانی بەر دەکەوێت یان بەر کەوتووە چینی کەمداهاتی کۆمەڵگان کە زیادتر لە پەراوێزی شارەکاندا دەژین و لە هەلی کار، مافی خانووبەرە و ژیانێکی ئاسایی بێبەرین؛ لەولاشەوە زۆر جاران وتراوە کە ڕێژەیەکی کەم لە دەسەڵاتبەدەستان و کەسانی نیزیک لە حکومەت توانیویانە بەهۆی بەستێنسازییەک کە دەزگای ویلایەت بۆی کردوون لە سامانە سروشتی و ناسروشتییەکان کەڵکاوەژوو وەربگرن و لە قازانجی خۆیان سامانە گشتی و تایبەتییەکان هەڵلووشن و بەسەر زۆرینەیەکی ڕەها لە خەڵک حوکمڕانی بکەن.
ئەم ڕێژە کەمە کە لە ژیانی ئاسوودەدا دەژین لەڕاستیدا و بە پلەی یەکەم ئاخوندەکانی ڕێژیم و دواتر بەناو سیاسەتمەدار و دەوڵەتییە باڵادەستەکان لەخۆ دەگرێ کە زۆرترین کەیسەکانی گەندەڵیش هەر لەوانەوە سەرچاوەی گرتووە؛ بەڵام پرسی سەرنجڕاکێش لەم نێوانەدا ئەوەیە کە هەر ئەم کەسانە بوونەتە ناڕازی بەنیسبەت وەزعیەتی ژیانیان و دەڵێن ئەوەی هەمانە زۆر کەمە و دەبێ بۆمان زیاد بکرێ؟!!
بۆ نموونە «مورتزا ئاغاتێهرانی»، سەرۆکی کۆمیسیۆنی بەناو فەرهەنگی مەجلیسی ڕێژیم ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەزبەر لە ئاخاوتنێکیدا لە شۆڕای فەرهەنگی گشتیی پارێزگای چوارمەحاڵوبەختیاری وتوویەتی: «بودجەکانی حەوزەی عێلمییە زۆر کەمە و فێرخوازەکانمان کە هەمان «تەلەبە»کانی ئەم حەوزەن لە هەژاریدا دەژین و دەبێ بودجەمان بۆ زیاد بکرێ!!!» لەمبارەوە پێویست دەکات هەندێ کەتواری شاراوە و نەشاراوە بخەینە ڕوو: بەپێی یاسای بودجە لە ساڵی ١٤٠٠ زیادتر لە ٤٠ دەزگا و دامەزراوەی بەناو مەزهەبی لە ئێراندا زیادتر لە حەوت هەزار و دووسەد و پەنجاودوو (٧٢٥٢) میلیارد تمەن بودجە وەردەگرن کە ساڵ لەگەڵ ساڵیش ئەم ڕێژەیە زیادتر دەبێ؛ ئەمەش لەکاتێکدایە کە بودجەی وەزارەتی بەناو بارهێنان و پەروەردە تەنیا ٤٨١ میلیارد و ٣١ میلیۆن و ٤٠٠هەزار، شۆڕای بەرزی بارهێنان و پەروەردە ١١ میلیارد و ٦٠٠ میلیۆن و بەڕێوەبەریی گشتیی بارهێنان لە هەموو پارێزگاکان ٨٩ هەزار میلیاردە.
وەک ئاماژەشی پێ کرا ئەم داواکاری و ئیدیعا لە کاتێکدایە کە جیا لە کەمیی ماڵیی دامەزراوە ئاموزشی و بێهداشتی و خزمەتگوزارییە حکومەتییەکان زیادتر لە نیوەی حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و وەک خودی دەوڵەت باس دەکات زیادتر لە نیوەی خەڵکانی ئێران بۆ درێژەدان بە ژیان پێویستییان بە ئاوڕدانەوەی جیددی هەیە.
یەکێک لەو نیهادە مەزهەبییانە کە ئاغاتێهرانی گلەیی هەیە کە گوایە بودجەیان نییە، «شۆڕای بەرزی حەوزەکانی عێلمییە»یە کە تەنیا ئەمساڵ ٦٥١ میلیارد تمەن بودجەی هەبووە کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوو ٢٤٪ بەرزتر بووەتەوە و دەکاتە ١٦قات زیادتر لە بودجەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی بوومەلەرزەناسی ئێران و چوار هێندەی ناوەندی گەشەدان بە کتێبخوێنی لە ئێران!
هەر لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی «تجارت نیوز» دەکەین کە دەڵێ: کۆی گشتی بودجەی تەرخانکراو بۆ ستادی قەیران ١٣ میلیارد و ٧٠٠ میلیۆن تمەنە کە چوار میلیارد کەمترە لە بودجەی زانکۆی «ئەهلی بەیت»ە. هەروەها دەنووسێ: «بودجەی ناوەندی خزمەتگوزاری حەوزەکان لە کۆی بودجەی مەجلیس و دەزگای ئۆرژانسی گشتی ئێران زیادترە».
لە نموونەیەکی تردا باس لە دامەزراوەی «جامعه المصطفی» دەکات کە خاوەنی ٤٦٥ میلیارد تمەن بودجەیە کە تایبەت کراوە بە ئاسانکاری و دابینکردنی بەستێن بۆ ژن و منداڵی تەلەبە غەیرە ئێرانییەکان لە دەرەوەی وڵات!
ئەم بودجە کەڵانە کە بۆ حەوزەی عێلمییەکان تەرخان کراوە لە کاتێکدایە کە وەزارەتی بێهداشتی ڕێژیم باسی لەوە کردووە کە هەنووکە یەکێک لە قەیرانەکانی بەردەم دەوڵەت پرسی نەبوونی ئەمنیەتی خۆراکییە بەچەشنێک کە پێوەری بەدخۆراکی لە نێو منداڵانی پارێزگای بەلوچستان گەیشتووەتە ١٢٪ لەحاڵێکدا ساڵی ڕابردوو ئەم ڕێژەیە ٦٪ بوو! کۆی ئەم کەتوارانە جارێکی تر ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە ئەوەی بۆ سەرانی ڕێژیم و ژێردەست و گۆپاڵبەدەستەکانی گرینگە نەک ئامانجدارکردنی کۆمەڵگا بەرەو ئاسایش و هێمنی و بەخشینی هێز و وزە و نۆڕم پێی، بەڵکوو لەپەراوێزخستنی تاک بە تاکی کۆمەڵگا و خۆشکردنی زیادتری ڕێگەیە بۆ سەپاندنی ئیدیۆلۆژی زاڵ کە هەمان بیرۆکەی ویلایەتی فەقیهە بە نرخی لەنێوبردنی هەموو ئێران و قاتوقڕی بۆ هەموو خەڵکی ئێران.

> **یەکێک لەو نیهادە مەزهەبییانە کە ئاغا تێهرانی گلەیی هەیە کە گوایە بودجەیان نییە، «شۆڕای بەرزی حەوزەکانی عێلمییە»یە کە تەنیا ئەمساڵ ٦٥١ میلیارد تمەن بودجەی هەبووە کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوو ٢٤٪ بەرزتر بووەتەوە و دەکاتە ١٦قات زیادتر لە بودجەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی بوومەلەرزەناسی ئێران و چوار هێندەی ناوەندی گەشەدان بە کتێبخوێنی لە ئێران!**

# زیادتربوونەوەی خێڵی هەژاران لە ئێران

**کازیوە**

لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامیدا هەر ڕۆژەو ئامارێکی نوێ بەڵام بەباری نەرێنییدا دێتە ئاراوە؛ هێشتا باسوخواست لەسەر دواڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ پرسی هەڵاوسان و گرانی و هەژاری گەرموگوڕ و تۆزی لێ نەنیشتووە کەچی هەواڵێکی تر سەرنجی بەکاربەرانی دنیای مەجازی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.
سەرۆکی دامەزراوەی لێکۆڵینەوە دینی و ئابوورییەکان لە ئێران ڕایگەیاندووە کە حەشیمەتی ژێر هێڵی هەژاری لە ئێران، لە ماوەی سێ ساڵدا ٢ قات زیادی کردووە!
فەرشاد مۆئمێنی ڕێکەوتی ١٠ی خەزەڵوەر ڕایگەیاندووە: ئاکامی دوالێکۆڵینەوەکان لە دامەزراوەی باڵای لێکۆڵینەوەکان دەری خستووە کە لە ماوەی ساڵەکانی ٩٦ تاکوو ٩٩ حەشیمەتی ژێر هێڵی هەژاری ئێران زیادتر لە دوو قات بەرز بووەتەوە کە بە وتەی ناوبراو سەرەکیترین هۆکاری ئەم مەسەلە ئەوەیە کە سیستمی پارێزگاریمان تووشی شەلەلی دەماغ (فلج مغزی) بووە و ڕوون و ئاشکراترین دیاردەکانی دەوروبەری خۆی نابینێ.
لە ساڵی ٩٧دا لانیکەمی داهاتی مانگانە لە ئێران بۆ خانەوارێکی ٣,٣ کەسی ١ میلیۆن و ١٠٠ هەزار تمەن بوو بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٩٩دا بۆ ١,٩ میلیۆن هەڵکشاوە؛
ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دامەزراوە هێڵی هەژاری لە ساڵی ٩٧ بریتی بووە لە ١,٤ میلیۆن تمەن و لە ساڵی ٩٩دا بۆ ٥,٧ میلیۆن تمەن هەڵکشاوە و لە ساڵی ١٤٠٠یشدا سنووری ٧,٣ میلیۆن تمەنی تێپەڕاندووە!
هەر لەم چوارچێوەیەدا و لە ٣٠ی ڕەزبەری ئەمساڵ وەزارەتی کاری ڕێژیم ڕایگەیاند کە زیادتر لە یەک لەسەر سێی حەشیمەتی ئێران لە «هەژاری ڕووت» یان ڕەهادا دەژین کە هێڵی هەژاری لە ساڵی ٩٩ بەپێی ئامارەکانی ئەم وەزارەتە بۆ خانەوارێکی سێ کەسی ٢ میلیۆن و ٧٥٨ هەزار تمەن و بۆ خانەوارێکی ٤ کەسی ٣ میلیۆن و ٣٨٥ هەزار تمەن بووە!
ڕەنگە باسکردن لە کاریگەری و ئاسەوارەکانی دیاردەی «هەژاری» ئەویش لە جۆری ڕەهاکەی کاتی زۆری بوێت و لێکۆڵینەوە و داتای وردی پێویست بێ بەڵام ئەگەر بمانهەوێ بەشێوەی نموونەیی باسی لێوەبکەین دەتوانین ئاماژە بە سەرهەڵدانی دیاردەیەک بکەین کە بە «پەراوێزنشینی» دەناسرێ کە وەک فەرشاد مۆئمێنی باسی دەکات هەنووکە لە ئەنجامی ئەم هەژارییە ڕەهای کە لە ئێراندا بوونی هەیە لانیکەم ٢٥٪ی حەشیمەتی ئێران پەراوێزکەوتوو و پەراوێزنشینن و زۆریک لە گوندەکانی ئێران بەهۆی نەبوونی کار و هەژاری بە ناچاری چۆڵ کراون!
ئەم دوو دیاردە کە تەواوکەری یەکتریشن لەگەڵ ئەوەیکە خۆیان دەرهاویشتەی هەژارین بەڵام ڕێگەخۆشکەر و بەستێنسازی چەندین گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی دیکەشن لەوانەش پەرەسەندنی لادانە ئەخلاقییەکان، زیادبوونی دیاردەی سواڵ و سواڵکردن، پەرەسەندنی ڕێژەی گەندەڵییە ئەخلاقییەکان و بەلاڕێداچوونی کۆمەڵایەتی، زۆربوونەوەی ڕێژەی تەڵاق، زیادبوونی ڕێژەی بەکارهێنان و کڕین و فرۆشتنی ماددە سڕکەرەکان و دەیان خەساری دیکە کە هەنووکە بە چاوخشاندنێک بەسەر شاروشارۆچکەکانی ئێران و کوردستان ئەم کەتوارە زیادتر خۆی دەردەخات.
بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ هۆکارەکانی ئەم دیاردە واتە هەژاری دەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەوەیکە هیچ بەرنامە و پلانێک بۆ دابینکردنی کار و هەلی کار لە بازاڕی کاردا بوونی نییە و سیاسەتداڕێژی دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامی نەیانتوانیوە وڵامدەری پێویستییەکانی بازاڕ بن، دەبێ ئەوەش بە ڕوونی بزانین کە بەرپرسانی پێوەندیدار خۆیان بەشێکن لەو سیستمە گەندەڵیخوڵقێنە کە ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان خۆش دەکەن.
بۆ نموونە لە هەموو دنیادا کەسانێک وەک بەرسی دەزگای داد دیاری دەکرێن کە لەباری سداقەتی کارییەوە خاوەن کارنامەیەکی خاوێن بن بەڵام لە ئێراندا بەپێچەوانەوەیە و ئەو کەسانە دەکرێنە بەرپرسانی ئەم دەزگا کە لە لوتکەی بێئەخلاقییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندان؛ ئەمەش بەو هۆیەوە کە وەک خومەینی دەیگوت: ئێمە ئینسانی «متعهد»مان دەوێ نەک «متخصص»!
بۆ ڕوونبوونەوەی زیادتری ئەم باسە ئاماژە بە ناوی کەسێکی وەک غوڵامحوسێن ئێژەیی دەکەین کە هەنووکە بە بڕیاری عەلی خامنەیی بووەتە سەرۆکی هێزی بەناو دادوەری.
ئێژەیی جیا لەوەیکە لە پێگەی دادستانی گشتی و جێگری یەکەمی هێزی دادوەری بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەستی لە سەرکوت و گرتنی چالاکانی سیاسی و جیابیران هەبووە، یەکێکە لەو کەسانەی کە بۆ سەرکوت و گرتنی ڕۆژنامەوانان و داخستنی بڵاڤۆک و ڕۆژنامەکان دەستی باڵای هەبووە.
جیا لەوە، ناوبراو بەڕوونی تۆمەتبارە بە بڕیاردەریی ئێعدام و لەسێدارەدانی سەدان کەس کە زەقترین نموونەکانی ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە دەیەی ٦٠ی هەتاوییە و لەم چوارچێوەیەدا بە چەندین جار ناوی لە ڕاپۆرتی نیهاد و ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ هاتووە.
بەکورتی دەتوانین بڵێین هەژاری ئەمڕۆکە وەک مەزنە قەیرانێک لە ئێراندا بوونێکی هەستپێکراوی هەیە؛ بوونێک کە خەڵکی ئاسایی بە گیان و ئێسک و پێستەوە، ڕۆژانە درکی دەکەن و بەرپرسانیش وەک بانگەشەی تێلێڤیزیۆنی لێی دەڕوانن بۆیە تا دێت دۆخەکە شپرێوتر دەبێ و مافیاکانی ڕێژیم زیادتر پێی ئەستوور دەبن و خەڵکی ئاساییش زیادتر بەرەو تێداچوون هەنگاو دەنێن بەڵام هەرچەندە ئەوان ئەستوورتر دەبن ئاستی ناڕەزایەتییەکانیش زیادتر پەرە دەستێنێ و وەک لە کۆنەوە وتراوە ستەم و زوڵم لە ئەستووریدا دەپسێت!

> **هەژاری ئەمڕۆکە وەک مەزنە قەیرانێک لە ئێراندا بوونێکی هەستپێکراوی هەیە؛ بوونێک کە خەڵکی ئاسایی بە گیان و ئێسک و پێستەوە، ڕۆژانە درکی دەکەن و بەرپرسانیش وەک بانگەشەی تێلێڤیزیۆنی لێی دەڕوانن بۆیە تا دێت دۆخەکە شپرێوتر دەبێ و مافیاکانی ڕێژیم زیادتر پێی ئەستوور دەبن و خەڵکی ئاساییش زیادتر بەرەو تێداچوون هەنگاو دەنێن بەڵام هەرچەندە ئەوان ئەستوورتر دەبن ئاستی ناڕەزایەتییەکانیش زیادتر پەرە دەستێنێ و وەک لە کۆنەوە وتراوە ستەم و زوڵم لە ئەستووریدا دەپسێت!**

# کۆماری ئیسلامی تەنیا بە فیشەک خەڵکی کورد ناکوژێ!

هەتاو

دوایین ئامارە حکومەتییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداو و پێکدادانە جادەییەکان لە ئێران دەریانخستووە کە لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە ٨٠٠٠ کەس بەم هۆیەوە لە ئێران گیانیان لە دەست داوە کە گرینگترین هۆکارەکان بۆ هەڵەی ئینسانی و نەبوونی ئیستانداردی جیهانی و ئەمن‌نەبوونی جادەکان گەڕێندراوەتەوە.

دیارە ڕووداوی هاتوچۆ کە هەنووکە بە یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی مردنی مرۆڤەکان بە ئەژمار دێت دیاردەیەکەی جیهانییە و تایبەت بە وڵاتێکی دیاریکراو (بۆنموونە ئێران) نییە بەڵام ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کە پێڕەوی لە یاسا و ستانداردە جیهانییەکان بووەتە فەرهەنگی زاڵ و بەشی زۆری ڕووداوەکان بەهۆی هەڵەی ئینسانییەوە ڕوو دەدەن ئەوا لە وڵاتانی پاشکەوتووی وەک ئێران مەسەلەکە جیاوازە و بە دیوێکی تردا دەبێ خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

بەپێی دوایین ئامارە پێوەندیدارەکان لە ساڵی ١٤٠٠دا ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ کە بوونەتە هۆی مردنی هاووڵاتییان بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو ٣١,١٪ زیادیان کردووە و وەک بەرپرسانی پێوەندیداریش دەڵێن بەشێوەی نێونجی لە ڕۆژدا لانیکەم ٤٠ کەس لە ئێران بەم هۆکارەوە گیانیان لەدەست دەدەن.

هەر لەمبارەوە و بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی بێهداشتی جیهانی ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە نێو بازنەی وڵاتانی ناوچەی سوور (مەترسیدار) جێی گرتووە؛ پێوەری ئەم هەڵسەنگاندنەش وەک لە ڕاپۆرتی ئەم ڕێکخراوەدا ئاماژەی پێکراوە بریتییە لە «ڕێژەی کوژراوانی پێکدادانەکان» و «ڕێژەی کوژراوانی نێو جادەکان هەمبەر بە هەر ١٠٠ هەزار کەس».



هۆکارەکانی پێکدادان و ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە ئێران و لە نێو ئێرانیشدا ئەو هەرێمانەی کە نەتەوە ستەملێکراوەکانی تێدا نیشتەجێیە بەم شێوەیە دەکرێ پۆلێن بکرێن:

خراپی و ناستانداردبوونی ماشینەکان و نەبوونی کۆنترۆڵ کوالێتی، خراپی ڕێگاوبانەکان و لەبەرچاونەگرتنی ستاندارده جیهانییەکان، باری خراپی دەروونی لێخوڕەکان بە هۆی ئەو قەیرانانەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ساز کردووە، هیلاکی لەڕادەبەدەر بەهۆی بەردەوامبوونی زۆر لە لێخوڕین بۆ پاروویەک نان و لێخوڕینی خێرا بۆ زووتر گەییشتنەوە و حەساننەوە کە بەداخەوە قەت نەگەییشتن و حەسانەوەی یەکجاری ئەم ئازیزانەی لێکەوتەوە . هەر لەمبارەوە پێویستە ئاماژە بەو مەسەلەیە بکەین کە بەپێی لێدوانەکانی خودی بەرپرسانی حکومەتی، پارێزگاکانی کوردستان پلەکانی یەکەمیان لە ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و کوژران و گیان لەدەستدانی هاووڵاتییان هەیە. لەلایەکەوە کوێستانی بوونی کوردستان و لەلایەکی ترەوە هەوڵنەدانی ڕێژیم لە ٤٢ ساڵی ڕابردوودا بۆ نۆژەنکردنەوەی جادە و ڕێگاوبانەکان یان هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێکاری جێگۆزین لەباتی ڕێگاوبانە کۆن و بێکەڵکەکان وای کردووە کە ئەم ئامارە بێتە دەر و لەمبارەشەوە کوردستان لە پلەکانی یەکەمی ئەم ئامارانەدا بێت.

بۆ ڕوونبوونەوەی زیادتری ئەم باسە ئاماژە بە خاڵێکی بەرهەست دەکەین؛ لەو پارێزگایانەی کە بە دەوری کوردستانەوەن واتە پارێزگاکانی هەمەدان، زەنجان و تەورێز زۆربەی هەرەزۆری جادەکان دووباندەن و لەباری کوالێتی قیر و ئەو ماددانەی کە بۆ ئیسفاڵت کردن کەڵکی لێوەردەگیرێ هەوڵ دراوە باشترینەکان بەکار ببردرێ. جیا لەوەش تەواوی ئەو ڕێگایانە بە هێماکانی هاتوچۆ داپۆشراوە و بە هێڵی جیاکەرەوەش جادەکان لە یەکدی جیا کراونەتەوە کە هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی خەسارەکان بەڵام جادەکان کە دەگەنە کوردستان هیچ کام لەو خاڵانە لەبەرچاو نەگیراون و تەنانەت جادە بەناو ترانزێتییەکان کە چەندین پارێزگا و لەوەش زیاتر دوو وڵاتی عێراق و ئێران بە یەک دەبەستنەوە لەوپەڕی خراپی خۆیاندان.

**لەو پارێزگایانەی کە بە دەوری کوردستانەوەن واتە پارێزگاکانی هەمەدان، زەنجان و تەورێز زۆربەی هەرەزۆری جادەکان دووباندەن و لەباری کوالێتی قیر و ئەو ماددانەی کە بۆ ئیسفاڵت کردن کەڵکی لێوەردەگیرێ هەوڵ دراوە باشترینەکان بەکار ببردرێ. جیا لەوەش تەواوی ئەو ڕێگایانە بە هێماکانی هاتوچۆ داپۆشراوە و بە هێڵی جیاکەرەوەش جادەکان لە یەکدی جیا کراونەتەوە کە هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی خەسارەکان بەڵام جادەکان کە دەگەنە کوردستان هیچ کام لەو خاڵانە لەبەرچاو نەگیراون و تەنانەت جادە بەناو ترانزێتییەکان کە چەندین پارێزگا و لەوەش زیاتر دوو وڵاتی عێراق و ئێران بە یەک دەبەستنەوە لەوپەڕی خراپی خۆیاندان**

گیان لە دەستدانی ڕۆژانەی هاووڵاتییانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە بەشێکیان هەر بە میدیایی ناکرێن و ڕەنگە لە ئامارەکانی ڕێژیمیشدا تۆمار نەکرێن ناڕاستەوخۆ بە دەستی حاکمانی جینایەتکاری تاران و بە شێوەی سیستماتیک بەڕێوە دەچن. ئەمەش بەو هۆکارەیە کە دید و ڕوانینی تاران بۆ ناوچە پەراوێزخراوەکان دیدێکی کۆلۆنیالییە کە ئەو هەرێمانە وەک ناوچەگەلێک دەبینێ کە پۆتانسیەلی ژیاندنی دەسەڵاتیان هەیە نەک بەشێک لەو جوغرافیایەی کە بە ئێران دەناسرێ! هەر ئەمەش وادەکات کە تاکی کورد و باقی نەتەوە زوڵملێکراوەکان دەبێ سوورتر بن لە سەر هەوڵدان بۆ ڕوخانی ڕێژیمی جینایەتکاری خومەینی /خامنەیی .

کۆتاقسە لەمبارەوە ئەوەیە کە بەناو ڕۆشنبیر و قەڵەمبەدەستەکان کە زۆر جار قسە و قەڵەمیان لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم هەڵدەسوورێ کاتێک باس لە خەبات لەدژی ئەم سیستمە داگیرکارە دێتە گۆڕێ دەڵێن شۆڕش مەکەن با کوڕی خەڵک بە کوشت نەچێ !!! ئەوان وادەزانن کۆماری ئیسلامی تەنیا بە فیشەک خەڵک دەکوژێ . بەڵام ئەوەی ڕوونە و کەتمان ناکرێ ئەو کەتوارەیە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێ بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە نەشیاوەی کە هەیانە زیادتر لە هەمیشە پەیوست بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شار و لە شاخ ببن و بۆ ڕووخانی یەکجاری ئەو ڕێژیمە تێبکۆشن. تەنیا بە خەبات و شۆڕشێکی پڕ گڕوتینە کە دەتوانین سێبەری نگریس و قدۆشی داگیرکەر لە وڵاتەکەمان بسڕینەوە .

# بۆچی لە ئێران دادوەری جێگیر ناکرێت؟

ئاربابا

لە ئێستەدا و ڕۆژانە کەمتر دێتە پێش کە هەواڵ یان ڕاپۆرتێک لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ لە ئێران و لەنێو ئێرانیشدا لەو هەرێم و ناوچانەی کە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێرانی تێدا نیشتەجێیە نەبیسترێ!

ڕۆژێک هەواڵی دەرکردنی حوکمی ناڕەوای ئێعدام بۆ چالاکێکی سیاسی یان ژینگەپارێزێک، ئەم ڕۆژەکەی تر هەواڵی گرتنی جیابیرێک یان چالاکێکی بواری ژنان، ڕۆژی دواتر هەواڵی کوشتنی بەئەنقەستی کۆڵبەرێک یان بەلوچێکی لێقەوماو کە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و منداڵەکانی دەبێ بێنزین بگوازێتەوە بەڵام فیشەکی هێزە بەناو ئینتزامییەکانی ڕێژیم دڵی گەرمی لە بیاوانە بێئاوەکانی سیستان سارد دەکاتەوە.

هاوتەریب لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵانە کەم وا هەبووە کە گوێبیستی دژکردەوە و هەڵوێستی لایەنە پێوەندیدارە جیهانییەکان نەبین کە لە ئاستی ئەم ڕووداوانە و ئەم ستەمە سیستماتیکانەدا نەهاتبێتنە دەنگ و ڕەخنەیان لە ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێران نەگرتبێ؛

لەوانەش لێبوردنی نێونەتەوەیی، کۆمیتەی پارێزگاری کردن لە ڕۆژنامەوانان، ماڵیی ئازادی، چاودێری مافەکانی مرۆڤ، فیدراسیۆنی جیهانی کۆمەڵە مافی مرۆڤییەکان، ڕیپۆرتێرانی بێسنوور و دەیان ڕێکخراوی گەورە و بچووکی دیکە کە ئەگەر ناوەکانیان تا ٣٠ ساڵ لەمەوپێشیش نامۆ و نائاشنا بوون بۆ خەڵکانی ئێران ئەوا لە سێبەری دەسەڵاتی زاڵ و ئەو زوڵم و زۆرییە ڕۆژانەی کە دژ بە نەتەوەکانی ئێران دەیکات ئەمرۆکە بەشێکن لەو وشە و چەمکانەی کە لە بازنەی وشە و چەمکی تەنانەت خەڵکی ئاسایی سەر شەقامیشدا بوونیان هەیە و ئیتر وەک ڕابردوو نامۆ نییە بۆیان!

لێرەدا ئەو پرسیارە بەرجەستە دەبێتەوە کە هۆکار چییە سەرباری ئەوەیکە لە ئاستی نێونەتەوەییدا دژ بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران هەڵوێست دەگیرێتە بەر بەڵام دەبینرێ کە لە ئێراندا ئەو جۆرە ستەم و زوڵم و زۆرییانە نەتەنیا بەردەوامن بەڵکوو بەگوڕتر لە جاران بەڕێوە دەچن؟

ڕەنگە بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە بکرێت چەندین هۆکار لە چەند گۆشەنیگای جیاوازەوە بهێنرێتە بەر باس؛ لەوانەش یاساکانی سزادان لە کۆماری ئیسلامی کە ڕێگە خۆش دەکات و بەستێنخولقێنە بۆ ئەنجامدانی تاوان، یان ئەو کەسانەی کە کار بە یاساکان دەکەن خۆیان کەسانێکی بیرپەرێشانن و لەڕاستیدا پێویستییان بە یارمەتی دەروونناسانە هەیە، یان لە ڕووی سیاسی و ئیدیۆلۆژییەوە ئەوەیکە لە ئێراندا دەکرێت هەوڵێکە بۆ سەپاندنی زیادتری هێژمۆنی و نەهێشتنی جیابیر و ... بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەگەر هەر کام لەم ڕوانینانە درووست بن و پێویستییان بە شیکاری زیادتر هەبێ ئەوا خاڵێکی گرینگ هەیە کە مرۆڤ ناتوانێ لە کاتی بیرکردنەوە لە کەیسێکی وەها هەڵوەستەی لەسەر نەکات؛

ئەویش هێنانەبەرچاوی ئەو کەسانەیە کە بە جێبەجێکاری یاساکان دەناسرێن.

بەکورتی کێن ئەو کەسانەی کە یاساکان جێبەجێ دەکەن و دەبنە هۆکاری پێشێلکاری لە ئاستی مافەکانی مرۆڤ؟

بۆ وەڵامدانەوە و کردنەوەی زیاتری باسەکە لێرەدا نموونەیەکی «موردی» دەهێنینەوە: «غولامحسەین موحسێنی ئێژەیی، سەرۆکی هێزی بەناو دادوەری»!



موحسێنی ئێژەیی کێیە؟

ئەو دامەزراوەی کە گوایە بڕیارە، «دادپەروەری» لە ئێراندا جێبەجێ بکات و هەمووان لە سێبەریدا بحەسێنەوە هێزی دادوەری یان «قوه قضائیه»یە کە لە مانگی پووشپەڕی ئەمساڵەوە بە بڕیاری کەسێکی وەک خامنەیی (کە بۆخۆی خاوەن کارنامەیەکی لێوانلێو لە پێشێلکاری مافی مرۆڤە و لەم بیاڤەدا «معلوم‌الحال»ە) بە غوڵامحسەین ئێژەیی سپێردرا.

ئێژەیی بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەک وتەبێژی ئەم دەزگا، وەزیری ئیتلاعات، دادستانی گشتیی ئێران و جێگری یەکەمی هێزی دادوەری خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم کردووە.

ئەو، کەسێکە کە پێشووتر و لە ڕەوتی دادگایی و ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی دەور و نەخشی باڵای هەبوو؛ دواتر و لە کاتی هاتنەسەرکاری دەوڵەتەکانی بەناو ڕیفۆرم بووە دێوەزمەی گیانی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوانان و زۆرێک لەوانی بە حوکمی درێژماوەی زیندان و تەنانەت ئێعدام مەحکوم کرد و زۆرێکیان پاش چەند ساڵ مانەوە لە زیندان ناچار کران ئێران جێ بهێڵن و ڕوویان لە هەندەران کرد.

ڕاستەوخۆ لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناسراو بە «کوی دانشگاه» دەستی هەبوو و ناوی لە پەروەندەی دەستدرێژی بۆ سەر گیراوانی ساڵی ٨٨ لە کەهریزەک هەیە.

بەکورتی ئەو لە کەسانی نیزیک و جێی متمانەی بەیتی ڕێبەری و شەخسی خامنەییە کە بەهۆی کارنامە درەوشاوەکەیەوە ناوی لە لیستی تەحریمی یەکیەتیی ئۆرووپا و ئامریکادا هەیە.

ئێستە ئەگەر ئەو ڕەخنانەی کە لەپێوەندی لەگەڵ پرسی مافەکانی مرۆڤ و دادوەری و عەداڵەت لەسەر ئێران باسی ڕۆژن بێنینە بەرباس کاکڵەی باسەکەمان تۆکمەتر دەبێ؛ ئێعدام، گرتنی لەگۆترە و هەڕەمەکی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، گوشاری ئەمنیەتی بۆسەر پارێزەرانی دادگا، گرتنی چالاکانی سینفی لەوانەش کرێکاران، ئەشکەنجە و ئازاردانی زیندانیان، هەوڵدان بۆ وەرگرتنی ئێعتراف و دانپێنانی زۆرەملێ، بەڕێوەبردنی دادگای یەک خولەکی و چەندخولەکی و نادادپەروەرانە، هەڵاواردن دژ بە ژنان، کەمینە ئیتنیکی و مەزهەبییەکان، سانسۆڕ و فیلتێرینگ، پێشێلکردنی ئازادی ڕاگەیەندنەکان و پێشێلکردنی ئازادی ڕادەربڕین.

جا بە هەبوونی ئەم توومار و گۆرۆزە لە نادادپەروەری و کەسایەتییەکی وەک ئێژەیی ئایا دەکرێ چاوەڕوانی جێگیربوونی دادوەری لە ئێراندا بین؟

# شەریف بێهروز:

## بەهۆی مەترسیی بەرنامەی ناوکی ڕێژیمی ئێران، هەڕەشەکان وردە وردە چڕتر دەبنەوە و ئیتر وێدەچی تەنیا ڕێگای قوتاربوونی ئەم ڕێژیمە لە هێرشی دەرەکی جا لەلایەن ئەمریکاوە بێت یان ئیسرائیل،

وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

لە دۆخێکدا کە نیگەرانی لە پێشوەچوونی بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکا لە ئاستێکی بەرزدایە، لەلایەن ئێرانەوە پەلەیەک بۆ دەسپێکردنەوەی وتووێژەکان نابینرێت. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئیسرائیل هەڕەشەی نیزامی بۆسەر ئێران دەکات و وڵاتانی ڕۆژاواییش بەردەوام هۆشداریی دەدەن.

ئەم بابەتەمان لە وتووێژێکدا لەگەڵ «شەریف بێهروز» چالاکی سیاسی خستووەتە بەرباس کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین:

**-بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران تا چ ئاستێک چووەتە پێش؟ مەوادی دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی چەندەیە؟**

بەپێی دوایین زانیارییەکان کە لەلایەن لایەنەکانی پێوەندیداری دەرەوە و نێوخۆوە بڵاو بوونەتەوە، ڕێژیمی ئێران کە پیتاندنی ئورانیۆمی لە ٦٠ لە سەد تێپەڕاندووە ئێستا نزیک بە ٢٥ کیلۆگرەمی ئورانیۆمی پیتێندراوی لەو ئاستەدا هەیە و ٢١٠ کیلۆگرەمی پیتێندراوی ٢٠ لە سەدی هەیە. بەوتەی پسپۆڕان، ڕێژیم ئێستا تەنیا مانگێکی ماوە کە بگاتە ئەو ئاستەی بتوانێ ئەو ڕادەیە ئۆرانیۆم بپیتێنێ کە توانایی بەرهەمهێنانی بۆمبێکی ناوکی هەبێت. دیارە ئەمانە بەپێی ئەو زانیارییە ئاشکرایانەیە کە لەبەردەستدان، بەڵام هەر وەکوو هەموو لایەک دەزانن، ئەم ڕێژیمە لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم پرۆگرامەی بە شاراوەیی بووە و تا ئێستاش چەندین شوێنی نهێنی دروستکردنی پێداویستییەکانی بۆمبی ئەتۆم ئاشکرا بوونە و لەوانەیە ئەو زانیارییانەی نێوخۆی ڕێژیم کە بە ئاشکرا باسی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ئاستی بەرز و پێشوەچوونی بەرنامەی ناوکی ڕێژیم دەکەن، بە نهێنی خەریکی خێراترکردنی ڕێکاری دروستکردنی ئەم بۆمبەیە و لەڕاستیدا لە ئەگەری وەها شتێکدا، لەوانەیە دەستڕاگەیشتنی ئەم ڕێژیمە بە چەکی ناوکی لە چەند ڕۆژ و حەوتوو تێنەپەڕێ.

گشت لایەکیش دەزانن کە مەبەستی سەرەکی ڕێژیمی ئێران لەو بەرنامەیە نەک بۆ مەبەستی مەدەنی بەڵکوو بۆ کەڵکوەرگرتن لە توانایی نیزامی وەها دەسکەوتێکە کە دەتوانێ وەکوو قەڵغانێک بۆ مانەوەی زیاتری ڕێژیم یارمەتی بکات.

**-بۆچی ڕێژیمی ئێران بەنیسبەت درێژەدانی وتووێژەکانی بەرجام لە ڤییەن بەلارێدا دەڕوات، ئایا دەتوانێت ئیمتیازی زیاتر وەرگرێت؟**

دەواخستنی دانووستانەکانی ڤییەن لەلایەن ڕێژیمەوە دەتوانێ چەند مەبەستی لە پشت بێ؛ یەکەم هەروەکوو پێشتر ئاماژەی پێکرا، لەوانەیە ڕێژیم لە هەوڵی گەیشتنی خێرا بەو ئاستە بێت کە بتوانێ بۆمبی ئەتۆم تاقی بکاتەوە و خۆی وەکوو وڵاتێکی ئەتۆمی وەکوو کۆرەی باکوور ڕابگەیەنێ.

دووهەم، ئەگەر نەتوانێ یان نەهێڵن بەو ئاستەش بگات، بە سەیرکردن لە هەموو ئەو تێچوویەی ئەو بەرنامەیە بۆ ڕێژیم هەیبووە، لانیکەم بتوانێ ئیمتیازی زیاتری لە دانووستانەکاندا لێوەرگرێت. لەوانەیە ڕێژیم حازر بێ بگەڕێتەوە ئەو ئاستەی کە لە بەرجامدا بۆی دیاری کراوە بەڵام بێگومان بۆ ئەو کشانەوەیە داواکانی دەباتە سەرێ و هەوڵ دەدات لەژێر گوشار و گەمارۆی ئابووری بە تەواوی بێتە دەر و تەواوی سەرمایەکانی کە لەلایەن وڵاتانی ئورووپاییەوە دەستی بەسەردا گیراوە ئازاد بکرێن. بەتایبەتی کە لایەنەکانی دانووستانکاری ڕۆژاوا بەتایبەتی ئەمریکا باس لە گرێدانی کێشەکانی تر سەرچاوەگرتوو لە ڕێژیم وەکوو ئاژاوەنانەوە لە ناوچە و پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ بە دانووستانەکان گرێ بدات.

هۆکاری تری وەدواخستنی دانیشتنەکان لەلایەن ڕێژیمەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە ئەم ڕێژیمە لە بنەڕەتدا باوەڕی بە دانیشتن بۆ چارەسەری کێشەکان نییە و ئێستا کە بەرەبەرە دۆخی سیاسی و ئابووری وڵات بەرەو شپرزەیی زیاتر دەڕوات لەوانەیە ئەم کەمە دەسکەوتانەی کە ئەم دانووستانانە هەیانبوو ئێستاش ئەویش بەدی ناکرێت و چاوەڕوان ناکرێ ڕێژیم بتوانێ سەرمایەیەکی دەرەکی جارێکی تر بۆ وڵات بگەڕێنێتەوە و هەر وەکوو دەڵێن بزنیز وەکوو جاران بێ. بڕیاردانی بەیتی ڕێبەری ڕێژیم بۆ دیاریکردنی بناژۆخوازێکی وەکوو ڕەئیسی بۆ پۆستی سەرکۆماری زیاتر ئەم باسە بەهێز دەکات کە ڕێژیم بیهەوێ لە ئەگەری نەگەیشتن بەو داوایانەی بە تەواوی خۆی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تەریک بخاتەوە و هاوشان لەگەڵ سەرکوتێکی بەرینی نێوخۆیی بتوانێ زیاتر دەسەڵاتی خۆی بە سەر وڵات و ناوچەدا بسەپێنێت و بە هیچ کەس و لایەنێکیش وڵامدەر نەبێ.

**-وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکا تا چەندە دەتوانن بەنیسبەت بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم ماتڵ بن و چ کارتێکی گوشارییان بۆ ڕاکێشانی تاران بۆسەر مێزی وتووێژ لەبەر دەستدایە؟**

ئەگەر لەبیرمان بێ تەنیا کارتی ڕاکێشانی ڕێژیم بۆ سەر مێزی وتووێژ کە بە بەرجام لە ٢٠١٥دا گەیشت، سەپاندنی بەربڵاو و چڕوپڕی گەمارۆکان لەلایەن ئەمریکاوە لە سەردەمی سەرکۆماری ئۆبامادا بوو. لە سەردەمی ئۆبامادا گەمارۆکان زیاتر بە مەبەستی کێشانی ڕێژیم بۆ سەر مێزی وتووێژ بوون تا بەچۆکداهێنانی! ڕێژیم ئەوکات بە چۆکدا هات و ئەو ڕێککەوتنەی قەبووڵ کرد، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت کە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگای سیاسی و ئاسایی ئەمریکا دژی ڕێژیمی ئێران و بەرنامەی ناوکیی ئەو ڕێژیمەن و سەپاندنی گەمارۆ لە سەر ڕێژیم وەکوو کارتێک بۆ دانیشتن و دانوستان لەگەڵ ڕێژیم بە کار ناهێنن، هەروەکوو لە سەردەمی ترامپدا بینیمان، بەڵکوو بۆ لاوازکردن و ڕووخانی ڕێژیم سەیری دەکەن. پێشتر کە ئورووپاییەکان لەگەڵ ئێران ساتوسەودایان زۆر بوو و دوورکەوتنەوە لە ڕێژیمیان بە لەدەستدانی بازارێکی زەبەلاح دەبینی و سەرچاوەیەکی گەورەی نەوتیان لەدەست دەچوو، ئێستا ئەمە نەماوە. ئاڵوێری ئورووپا لەگەڵ ئێران لەوپەڕی کەمیی خۆی داوە و ئورووپاییەکان ئێستا چیتر نەوت لە ئێران هاوردە ناکەن، کەوابوو ئورووپا هیچ منەتی بەم ڕێژیمە نەماوە و پێداگری ئەوان بۆ دانوستان ئێستا زیاتر بۆ ئەوەیە کە پێش بە شەڕێکی تر لە ناوچەکە بگیرێت کە لەوانەیە ببێتە قەیرانێکی تری پەنابەری بۆ ئەم وڵاتانە و کەوتنە مەترسی بەرژەوندییەکانیان لە وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە بۆیە دەبینین و دەبیستین کە بەرپرسانی ڕێژیم بەردەوام باسی خستنە مەترسی بەرژەوندییەکان لە وڵاتانی دراوسێ دەکەن و هەڕەشەی داخستنی گەرووی هۆرمۆز و هتد... دەکەن.

**- ئەگەر ڕێژیمی ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات هاوکێشە ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا دێت؟**

بۆ ئەوەیکە بزانین پارسەنگی دەسەڵات و هاوکێشە ناوچەییەکان چەندە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، تەنیا بەسە چاوێک بە کۆرەی باکوور پاش بە ئەتۆمی بوونی بکەین. بەو جیاوازییەوە کە ئێرانی ئەتۆمی چەندین قات مەترسیدارتر دەبێ لە کۆرەی باکوور بە چەند هۆ؛ یەکەم ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێکی ئایینی و ئایدۆلۆژیکە و ئیدیعای ڕێبەریکردنی موسوڵمانان لە دونیادا دەکات. ئێرانی ئەتۆمی بە دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمە دەتوانێ تواناییە ناوکییەکەی لە بەردەستی گروپە تۆندئاژۆکانی سەر بە خۆی بێنێ و بەرژەوندی و ئاسایشی گشت وڵاتان بخاتە مەترسییەوە، شتێک کە کۆرەی باکوور نەیکردووە و وێناچێت بیکات.

دووهەم، وڵاتانی کەنداوی ناوچە قەت بەوە ڕازی نابن ئێران لە بن گوێیان توانایی ئەتۆمی هەبێت و بەردەوام قامکی هەڕەشەیان لێ بەرز بکاتەوە و ئەوانیش وەکوو پاکستان کە بەدوای هێندا بوو بە خاوەن چەکی ئەتۆمی لەو پێناوە هەنگاو دەنێن کە ئەمەش زیاتر ئاسایشی ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە. چەکی ناوکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەر ڕۆژێ دەسەڵات دەستاودەست دەکات شتێکی باش بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی نییە.

**ئایا ئاگەری هەیە ئێران وەکوو کۆرەی باکووری لێ بێت؟**

بەو فاکتۆرانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا و ڕووداوەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەگەری ئەوە هەیە ڕێژیمی ئێران بە ئاقاری کۆرەی باکووردا بڕوات. سەرەتا، ئەزموونی ئەتۆمی بوونی کۆرەی باکوور پیشانی داوە کە لە ئەگەری بوونی چەکی ناوکی پارسەنگی دەسەڵات ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و زلهێزەکان بە سانایی ناتوانن هەڕەشە بکەن و وەکوو وڵاتێکی کلووبی ئەتۆمی سەیر دەکەن. پاشان بوون بە خاوەنی چەکی ناوکی پێش لە هەر جۆرە هێرشێکی دەرەکی دەگرێت کە زیاتر لە ٤٠ ساڵە مەترسی سەرەکییە لە مانەوەی ئەم ڕێژیمە.

تا ئێستا ئەم ڕێژیمە هەوڵی داوە بە دروستکردنی ئاستەنگی تر پێش بە ئەگەری ئەم هێرشانە بگرێت، بەڵام هەڕەشەکان وردەوردە چڕتر دەبنەوە و ئیتر وێدەچی تەنیا ڕێگای قوتاربوونی ئەم ڕێژیمە لە هێرشی دەرەکی جا لەلایەن ئەمریکاوە بێت یان ئیسرائیل، دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکییە.

**-ئیسرائیل دەڵێت ناتوانین ئێرانێکی تەیار بە چەکی ناوکی قەبووڵ بکەین، ئەگەری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران تا چەندە بەهێزە؟**

بە ناسیاوی دروستی وڵاتانی ناوچە لە سەر ئەم ڕێژیمە، لە جێگای خۆیدایە کە ئەم وڵاتانە نیگەرانی دەستڕاگەیشتنی ئەم ڕێژیمە بە چەکی ناوکی بن. هەر وڵاتێک کە بەنیسبەت ئەتۆمیبوونی ئێران بێهەڵوێست و کەمتەرخەم بێت یان جۆرێکە لەم ڕێژیمە یان لە چارەنووسی نێودەوڵەتی بۆیان گرینگ نییە. ئەویکە تا ئێستا ئەم ڕێژیمە بە توانایی تەواوی چەکی ناوکی نەگەیشتووە، دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مەدیونی وڵاتی ئیسرائیل بێ کە تا ئێستا پێشی بەم بەرنامەیە گرتووە و لە قۆناغی جۆراوجۆردا زەبری لێداوە. ئەوەیکە ڕێژیم لە نفوزی لە ناوچەکە بەتایبەتی لە سوریا کەم کراوەتەوە و پێشی پێ گیراوە ئەویش هەر لە سەر دەستی ئیسرائیل بووە.

هەر ئێستا کە ئەم دیمانەیە دەکەین، کۆمەڵگای سیاسی ئیسرائیل باس لە هێرشکردنە سەر ئێران تا پێش کۆتایی ئەمساڵی زایینی دەکەن و ئەمریکاش وتوویەتی کە گشت بژاردەکان بۆ پێش بە ئێرانی ئەتۆمی لەسەر مێزن. ئیسرائیل توانایی وەها هێرشێکی بەتەنیا هەیە بەڵام پێی خۆش نییە کە ئەمە بەبێ ڕەزامەندی ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە بکردرێت و بەو جۆرەی ڕەوتی ڕووداوەکان لە نێوخۆی ئێران دەچنە پێش وێناچێ ئەگەری هێرشی نیزامی ئیسرائیل و هاوپەیمانان بۆ سەر ڕێژیم زۆر لاواز بێ.

**-خەڵکی ئێران کە زۆرترین باجیان بەهۆی بەرنامەی ناوکی ئێران بەسەردا سەپاوە، لەکوێی ئەو هاوکیشەیەدا جێ دەگرن؟**

خەڵکی ئێران بەگشتی و نەتەوە ژێردەستەکان بەتایبەتی قوربانی سەرەکی سیاسەتی سەرەڕۆیانە و دوژمنکارانەی ئەم ڕێژیمە لە زیاتر لە چل ساڵی ڕابردوودا بوونە.

لەو شەڕە ماڵوێرانکارییەی کە لە سەرەتای شۆڕشدا بە سەر کوردستانیدا سەپاند و ئەو سەرکوتەی کە بەدواوە بووە گشتی ئەمانە ژیانی ڕۆژانەی لە خەڵک سەختتر و سەختتر کردووەتەوە.

داخراوی کۆمەڵگای ئێران تەنیا بە داخرانی نێوخۆیی قەتیس نەماتەوە، ڕێژیم بە هۆی ئەو سیاسەتانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر تەریک دەبێتەوە و تاوانەکەی خەڵکی بێ دەرەتان و وەزاڵەهاتوو دەیدەن کە لە نێویاندا نەتەوەی کورد پشکی شێری بەر دەکەوێت.

ئەگەر ئەو پەراوێزخراوی و تەریککەوتنەوە نێودەوڵەتییە کە بەهۆی سیاسەتی چەوتی ناوکیی ڕێژیم و سیاسەتە ئاژاوەگێڕییەکانی لە ناوچە تووشی بووە وەلا نێین، ئەو سەرمایە زەبەلاحەی کە سەرفی بەرنامەی ناوکیی کردووە تەرخان کرابا بۆ ئاسایش و ئارامی ژیانی خەڵک بێ گومان خەڵکی ئێران ئەو دۆخە خراپەیان نەدەبوو کە ئێستا هەیانە.

مخابن ئەمە لە ڕێژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی نایەتەوە لەبەر ئەوەکە لە سەرەتاوە ئەوەی بۆی گرینگ نەبووە بەختەوەری کۆمەڵگای ئێران بووە؛ ئەم ڕێژیمە سەلماندوویەتی کە هەرچەند زیاتر سەرمایەی بەدەستەوە بێ کەمتر بۆ خەڵکی خەرج دەکات و زیاتر دەتوانێ خەڵک سەرکوت بکات و زیاتر بە گرووپە نیابەتییەکانی لە دەرەوە ڕابگات بۆ ناسەقامگیرترکردنی ناوچەکە و جیهان.

خەڵکی ئێران بەتایبەتی نەتەوەی باڵادەست نابێ فریوی سیاسەتە فێڵبازییەکانی ڕێژیم بخۆن کە دەیهەوێت پیشان بدات سیاسەتی ناوکیی ڕێژیم سیاسەتێکی نیشتمانییە. ئێران نە ئێستا لە سێبەری ئەم ڕێژیمەدا و نە لە داهاتوودا پێویستی بە توانایی ناوکی نییە و ناکرێ و نابێت ئەم سیاسەتە بە بیانووی «پیشرفت ملی» و شتی بێ بایەخی لەم چەشنە دەرخواردی خەڵک بەتایبەتی نەتەوەی فارس بدرێت و دەبێ بە دەنگێکی ڕەسا و بڵیند بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بسەلمێنن کە کۆمەڵگای ئێران بەپێچەوانەی ئەم ڕێژیمە خوازیاری شەڕخوازی و شەڕی ئەتۆمی نییە و دەیهەوێ بە گۆڕینی ئەم ڕێژیمە لەگەڵ هاوسێکانی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە ئارامی و ئاشتی بژێت.





# ئەوەی کە دەشێ ببێت

ساماڵ ئەحمەدی



مرۆڤ بە «زمان»، جیهانی خۆی دیار دەخات؛ واتە زمان بە شێوەیەکی خۆزایی دیاردەیەکی دیارخەرە و جیهان و هەموو پاژەکانی لەڕێی زمانەوە بۆ ئێمە ئاشکرا دەبێت. جیهان و هەموو پاژەکانی، واتە ئەوەی ‹‹هەبووە و ئەوەی هەیە و ئەوەی دەشێ ببێت››.

بێگومان جیهان زۆر بەرفرەوانە و ئەوە قسەیەکی ڕوونە کە هەمووان دەیزانن، بەڵام جیهانی یەک بە یەکی ئێمە وەکوو تاکی مرۆڤ و وەکوو کۆمەڵگەی جوداجودا و وەکوو نەتەوە و هەویەتیی جیاواز لە زمانی تایبەتمانەوە پەیدا دەبێت. ئەوەی هەبووە و هەیە، مرۆڤ لەنێو زماندا ناوی بۆ هەڵێنجاوە و ئەوەی دەشێ ببێت – کە هەر دەبێت – شتێکە لە تاریکاییی هەبووندایە و مرۆڤ بە تیشکی زمان دیاری دەخات و ناوی لێ دەنێت.

زمان، جیهان وەدیار دەخات و مرۆڤ لە جیهاندا دەژی و بە تیشکی زمان تێیدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی جیهانی تایبەتی خۆیشی دیار بخات. ئەم گەڕانە نابڕێتەوە و هەر بەوە ئۆقرە ناگرێت کە هەبووە و هەیە، بگرە جیهانێک دێنێتە خەیاڵەوە کە نییە، بەڵام ‹‹دەشێ ببێت››. دەستەوشەی ‹‹دەشێ ببێت››، هێڵی کەمەرەیی نێوان ‹‹هەبوو›› و ‹‹نەبوو››ە. لەسەر ئەم هێڵەیە کە مرۆڤ ‹‹نەبووەکان››یش دەناسێت و هەوڵ دەدات لەباری هێزەکییەوە بیانگوازێتەوە بۆ باری کردەکی، هەربۆیە پێگەی مرۆڤ لە جیهاندا بەرزترە لە هەبووە سروشتییەکان و لە سۆنگەی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە هەبوونی سروشتی جودا بکاتەوە و جیهانی بانسروشتی بئافرێنیت.

یەکێک لەو گۆڕەپانانەی زمانی مرۆڤ تێیدا ملە لەگەڵ سروشت دەکات و جیهانی خۆی تێدا دەئافرێنێت، شێعرە. مرۆڤ لە شێعردا خۆشەویستی و ڕق، شەڕ و ئاشتی، خودا و ئەهریمەن، جوانی و ناحەزی و سەما و سەودا و مۆسیقا دەدۆزێتەوە و لەو ڕێیەوە ئەو شتانە وەدیار دەخات کە ‹‹دەشێ ببن››، بەڵام لە تاریکاییی هەبووندا کڕ کەوتوون.

هەموو جۆرەکانی دەربڕینی زمان، تەنانەت زمانی هۆشی تیۆری و زانست و فەلسەفەش ناتوانن خەیاڵی مرۆڤانە لە خۆیان دابڕن و چاو ببڕنە ئەوەی هەیە و بەرچاوەکییە. چونکە هەبوون، کڕ و کپە تا ئەو کاتەی خۆی لە زمانی مرۆڤدا دەنوێنێت. زمانی شێعریش جۆرێکی دەربڕینە لەسەر هێڵی ‹‹دەشێ ببێت›› کە جیهانێکی تایبەت وەدیار دەخات و لە ڕێی وشە تایبەتەکانییەوە خواستی هێنانەدیی جیهانێکی جودا دەردەبڕێت؛ وشەگەلی وەکوو ‹‹سەربەستی››، ‹‹سنوور›› و تەنانەت ‹‹خاک›› لە شێعری کوردیدا بارێکی واتاییی وایان هەیە کە ڕەنگە لە شێعری نەتەوەکانی دیکەدا نەبێت، یان بەو شێوەیە نەبێت کە شاعیری کورد دەیهەوێت جیهانی خۆی پێ وەدیار بخات. لەبەر ئەوە جیهانی مرۆڤەکان لێک جودا دەبێتەوە کە زمان لە ڕەوشی مێژوویی و ئەزموونیی تایبەتی مرۆڤەکانەوە دیاردەکان نیشان دەدات، بۆیە تێگەیشتن لە توێ توێی واتای وشەکانی هەر زمانێک و ئەو خەرمانەی واتایەی بە دەوریانەوە هەیە، جیهانی جیاواز دەخاتە بەرچاو. ئاخر شاعیران قووڵترین هەستیان سەبارەت بە زمانەکەی خۆیان هەیە، چونکە شێعری ئەوانیش وەکوو هەموو هەبوویەکی دیکە، هەر لە زماندا وەدیار دەکەوێت و لە هەموو هەبوویەکی دیکەش پتر پێویستی بە زمان هەیە، چونکە ئەگەر بنەمای زمان بۆ دیارخستنی هەموو هەبوویەک لەسەر ‹‹ناولێنان›› دانرابێت، بۆ دیارخستنی شێعر دەبێ ئەوەش نیشان بدات کە زمانی شێعر هەستێکی زۆر قووڵە بۆ ناسینی بار و بەهای واتایی و مۆسیقایی وشەکان و، ئەوەش هونەرێکی زۆر بەرز و کەموێنەیە کە قووڵترین توێی هۆشیاری و دوورەدەستترین دیمەنی جیهانی نەتەوەیەک دیار دەخات کە ئەو شێعرە بە زمانەکەی نووسراوە.

لە شێعری کوردیدا بەگشتی دەبینین کە ئەزموون و ڕووداوەکانی جیهانی تاکی مرۆڤی شاعیر لە زمانی شێعردا بەرەو قەڵەمڕەوی گشتیی مرۆڤی کورد دەچن و لەو ئەزموونە کەسییەدا جیهانێکی مرۆڤانەی گشتی وەدیار دەکەوێت کە ‹‹حاشا دەکەن لێی و هەشە››. لەم ڕووەوە زمانی شێعر لە مێژووی کورددا گرنگترین دیارخەری هەبوونی نەتەوەیەکی حاشالێکراوە کە هۆش و هەستی کوردستانیی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی هەست و هزر و جیهانبینیی خۆی پێ دەرببڕێت و، نەک ئەو جیهانەی کە ‹‹هەبووە و هەیە›› و حاشای لێ کراوە، ڕزگار بکات، بگرە ئەو جیهانەش بئافرێنێت کە ‹‹دەشێ ببێت››.

کە زمان بە شێوەیەکی عیشوەگەرانە دێتە مەیدانی دیارخستنەوە، نموود و دیمەنی جوانی دەخاتە سروشت و جیهانەوە، بۆیە سەرباری ئەوەی کە زمانی شێعر ناتوانێت هەمان زمان بێت کە یاسا پێی دەوێت، بەڵام کە دەیهەوێت مافێکی یاساییی پێشێلکراو بە زمانی خۆی وەدیار بخات، وەکوو ‹‹هێمن›› لە هەستی ‹‹گریان›› کەڵک وەردەگرێت و دەڵێت:

شیوەنی من، شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گرووی یەکسانییە
شیوەنی من، شینی کوردی بێبەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە

بۆیە دەگوترێت مرۆڤ کاتێک دەتوانێت بە شێوەیەکی شاعیرانە بەرەنگاری جیهان ببێتەوە کە ڕێ بە زمان بدات خۆی بنوێنێت و جیهان و شتەکانی بە جیلوە و خۆبادانەوە وەدیار بخات. ئەم پەیوەندییە، پەیوەندییەکی هەستۆکی و ستاتیکی لەگەڵ جیهان و هەبوونە لە جیهاندا. بە واتایەکی دیکە، پەیوەندیی نێوان لایەنی جوانیناسەکیی زمان و نموودی جوانیناسەکیی جیهانە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت جیهان بکاتە گۆڕەپانی گەمەی خۆی و ئافراندنی جیهانی خۆی. ئەگەر لە شێعرەکەی ‹‹هێمن››دا جیلوەی هەستبزوێنی گریان و ڕیتمی مۆسیقایی و گەمەی زمانی لە نێوان وشەکانی ‹‹بێبەشە›› و ‹‹هەشە›› و ئایش و وەیشی دەنگی ‹‹ش››دا نەبێت، زمان تەنیا ئەرکی دیارخەری بۆ دەمێنێتەوە و دەبێتە زمانێکی یاسایی، نەک شاعیرانە. ئەوەی کە دەشێ ببێت، هەمیشە لە خەیاڵی شاعیرانەدا ئامادەیە و لە زمانی شێعردا وەدیار دەکەوێت و، دیارە ژێرخانی سروشتیی زمان، پێکهاتە دەنگییەکەیەتی کە لەڕێی ئەندامە دەنگسازەکانی جەستەوە بەرهەم دێت و، سەرخانە واتاییەکەیشی لەگەڵ ‹‹جیهانی ئایدیاکان›› هەڵسوکەوت دەکات، بۆیە شاعیر بە جیلوەی ئایدیاکان دەتوانێت جیهانی تایبەت بئافرێنێت و کاریگەریی لە فەرهەنگسازی و چەسپاندنی هەویەتیی فەرهەنگیی جیاواز و نەتەوەی سەربەخۆدا هەبێت.

# چەند کۆپلە شێعری مامۆستا جەلال مەلەکشا بەبۆنەی یەکەمین ساڵیادی فڕینی هەتاهەتایی

## پەرژین

دیوارێکیان بەدەور شێعرەکانما کێشا و پەرژینیان
کرد
ئەو دیویان لێ پاوان کردم
لەم دیو دیوار
تابلۆی ژنێکیان هەڵواسی
وتیان فەرموو
ئەوە باخی سینگ و مەمک
ئەوە نازی چاوی جوان و
شەکری لێو و
باڵای سەرو و
ئەمەش قەڵەم!
تا ئەتوانی
تا هێزی هەستت بڕ ئەکا،
پێیا بێژە
وشەکانت

لە قاڵبی قاچ و قول و سمت و کەمەریا دارێژە!

## مەکە، مە....

مەکە، مە.. لێم گەڕێ با یەخەی عەشق بگرم
با بگلێم، لە خوێنا بگەوزێم، جا بمرم
ئەم زامە ناسۆرە، کەم دەستی تێ وەردە
باهەر داپۆشراو بێ لە دڵما ئەم دەردە
چی خەمی دنیایە، لە دڵما وەک پوورە
گاز ئەگرن لە ڕۆحم، خێڵی ژەنگەسوورە
مەکە، مە... با هەر خۆم بزانم کوێم ئەیشێ
پەتایە تۆش ئەگرێ، بڕۆ مەیە پێشێ
لەگەڵ هەر وشەیەک لە دڵم هەڵئەقوڵێ
دڵۆپێ فرمێسکە بڕوانە چۆن ئەکوڵێ
مەکە، مە... دەس مەدە لە ڕازی خوداییم
با نەرمی قەڵاچەی خەڵوەتی تەنیاییم
با نەشکێ شەقڵی ئەم ئازارە شیرینە
با نەڕژێ یەکجاری ئەم دەریا ئەسرینە
عەشقێکی پیرۆزە بانگ ئەکا و ڕۆح ئەچڕێ
گیان وەک دڵۆپێ بۆ دەریا هەڵئەفڕێ
دەریایەک پاپۆڕی خەمی تێیا نوقم بێ
بەستەڵەک بشکێنێ توێەری زوقم بێ
دەریایەک ئارامش ببەخشێ بە تاسەم
بۆ ئەبەد بمرێنێ هەنسک و هەناسەم
مەکە، مە.... گیانەکەم، ئیتر من ڕەوتە نیم
دەستم لێ هەڵبگرە، من خەڵکی دنیا نیم

## شەوەزەنگ

من تاریکم وەک شەوەزەنگ
تۆ گیانی، تیشکی، ڕووناکیی
من ڕووبارم،
نائارام، پڕ لە خرۆش
تۆ وەک دەریا
مەنگ و خامۆش و سامناکی
لە دۆزەخی عیشقی خۆتا
بمسووتێنە
من جەننەتی چاوی تۆ،
بە بەهەشتی خوا ناگۆڕمەوە
ڕۆحی یاخیم دەستەمۆ کە
با چەواشەی هەڵدێر نەبم
تۆ تەوەرەی جەغزی ژینی
من هەر بە دەوری عیشقی تۆدا
دەخولێمەوە
ئەمە دوایین جارە دەژیم
من خدر نیم
تاوێ،
تەنیا تاوێ لە لات دادەنیشم
ماڵت ئاوا، من ڕەوتە نیم...

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan No :810 6 November 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەستبەسەرکردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «لوقمان قادری»، کوڕی عەزیز، خەڵکی گوندی «پەسوێ» و دانیشتووی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەلاح عەلیزادە»، کوڕی ئەبووبەکر و خەڵکی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە ١ی خەزەڵوەر، مریەم سادقی، چالاکی مافی ژنان و ئەندامی کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان لە ڕاستای دروستکردنی دامەزراوە کرێکارییەکان لە سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٢ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەک بە ناوی «هێمن ئەرزەن»، کوڕی حسەین و خەڵکی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر و ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کرا.

شەوی سێشەممە ٤ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شوعەیب مەحموودی»، تەمەن ٤٣ ساڵ، کوڕی جەعفەر و خەڵکی گوندی «مێراو» سەر بە سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر و ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٩ی خەزەڵوەر، چالاکێکی ژینگەیی بە ناوی «نەوید کۆنەپۆشی»، خەڵکی مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر و ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کرا.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١١ی خەزەڵوەر، دوو لاوی تەمەن ١٨ ساڵ بە ناوەکانی «سینا (کەریم) مینایی» و «عەبدوڵڵا یووسفی»، خەڵکی گوندی «سەوجە»ی شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کران.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١١ی خەزەڵوەر، ماوەی دەستبەسەرکرانی کاتیی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سۆعدا خەدیرزادە» کچی «ڕەحیم» و خەڵکی پیرانشار بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژی تر درێژ کرایەوە.

ڕۆژی سێشەممە ١١ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەنوەر شێخە»، تەمەن ٤٥ ساڵ، کوڕی عەبدوڵڵا و خەڵکی گوندی «پەسوێ» سەر بە پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر و ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کرا.

### بانگهێشت و لێپرسینەوە لە چالاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

ئیدارەی ئیتلاعاتی بانە، بەرپرسانی کانالی تێلێگرامیی ئەو شارەی پاش بڵاوکردنەوەی هەواڵی کوژرانی «محەممەد خودایی کانیسێف»، کۆڵبەری خەڵکی گوندی «کانیسێف» لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، بانگهێشت و هەڕەشەیانی لێ کردووە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەم پەیوەندییەدا بە کوردپای ڕاگەیاندووە: «ئیدارەی ئیتلاعاتی بانە، بەرپرسانی کاناڵە تێلێگرامییەکانی بانە نیووز، بانە ٢٤، کۆبوونەوە سەرەخۆشییەکانی بانە و بانە ڕووداوی، بانگهێشت کردووە».

### ڕەوانەکردنی هاووڵاتییان و داسەپاندنی سزای زیندان:

ڕۆژی شەممە ١ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەتا (شەماڵ) ڕەحمانزادە» خەڵکی سەقز، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، چالاکێکی ژینگەیی بە ناوی «ڕۆیا جەلالی»، خەڵکی سنە، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە سەرۆکایەتی بەناو دادوەر «سەعیدی»، بە ٢ ساڵ زیندانی هەڵپەسێردراو مەحکووم کرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەردار ئالانی»، کوڕی لوقمان و خەڵکی گوندی «سینگان» سەر بە شنۆ، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، ١٥ مانگ زیندانی تەعزیریی بەسەردا سەپا.

مەحموود نیروومەند، تەمەن ٣٦ ساڵ و چالاکی فەرهەنگیی کورد، لەلایەن دادگای ئینقلابی مەشهەدەوە، ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا.

لاوێکی کورد بە ناوی «سینا (کەریم) مینایی»، تەمەن ١٨ ساڵ، کوڕی مستەفا و خەڵکی گوندی «سەوجە»ی شنۆ، پاش دەستبەسەرکرانی بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکان لە ورمێ کراوە.

### ناڕوونی چارەنووسی هاووڵاتییان:

هاووڵاتییەک بە ناوی «گوڵاڵە مورادی»، خەڵکی پیرانشار، سەرەڕای تێپەڕبوونی ٦ مانگ لە دەستبەسەرکرانی، هەنووکە لە زیندانی ناوەندیی ورمێیە و هەروا چارەنووسی ناڕوونە.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فاتێح سەعدوڵڵاهی» خەڵکی گوندی شیان سەر بە شاری سنە، لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەم شارە هێشتا دەستبەسەرە و لە چارەنووسی ناوبراو زانیارییەکی ورد لەبەر دەستدا نییە.

### ڕاگواستنی زیندانییان بۆ شوێنی نادیار:

نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ٤ی خەزەڵوەر، مەحیەدین ئیبراهیمی و مەحیەدین تازەوارد، دوو زیندانیی سیاسی و مەزهەبیی مەحکووم بە ئێعدام و خەڵکی شنۆ، لە بەندی زیندانییانی سیاسیی زیندانی ورمێ، بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

### کوژرانی زیندانییان لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە:

شەوی سێشەممە ١١ی خەزەڵوەر، زیندانییەکی تۆمەتبار بە «قەتڵ»، بە ناوی «خوسرەو جەماڵی فەر»، خەڵکی سنە، بەهۆی ئەشکەنجە و لێدانی مەئموورانی زیندانی ئەو شارە، گیانی لەدەست دا.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

لە شەوانی ڕابردوودا لە ئەنجامی وەرگەڕانی ماشینێک لە جۆری «سەواری» لە «داڵانی»ی هەورامان بەهۆی خراپیی ڕێگاوبانەوە، ٦ کۆڵبەر کوژران و بریندار بوون.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «محەممەد خودایی کانیسێف»، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری «سارداو»ی بانە، گیانی لەدەست دا.

### تەقەکردن لە هاووڵاتییان لەلایەن هێزە حکوومەتییەکانەوە:

ڕۆژی هەینی ٧ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئازاد» خەڵکی گوندی «دۆڵەتوو»ی شاری سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار کرا.

ڕۆژی هەینی ٧ی خەزەڵوەر، ژنێک بە ناوی «شلێر»، خەڵکی گوندی «دۆڵەتوو» سەر بە سەردەشت، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار بوو.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە ١١ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «وەیسی بادینی»، کوڕی ئەحمەد و خەڵکی گوندی «سۆرکان» سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕ، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری ورمێ، گیانی لەدەست دا.

### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «زانیار»، لە ئەنجامی تەقینەوەی مین لە پایگایەکی چۆڵکراوی گوندی «زەڵێ» سەر بە سەردەشت، بریندار بوو.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «هێمن ئیبراهیمی»، خەڵکی گوندی «شەڵماش»، سەر بە سەردەشت، بەهۆی تەقینەوەی مین بە توندی بریندار بوو.

### برینداربوون و گیان لە دەستدانی کرێکاران:

بەرپرسی ڕێکخراوی ئاگرکوژێنەوەی شارەداریی قوروە، باسی لە گیانلەدەستدان و برینداربوونی دوو کرێکاری یەکێک لە نانەواخانەکانی ئەو شارە، بەهۆی «کێشانی نایاسایی بۆریی گاز» کرد.

### لە سێدارەدانی هاووڵاتییان:

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی خەزەڵوەر، حوکمی ئێعدامی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «مەنووچێهر (شەهاب) کازمی وەرملە»، تەمەن ٣٣ ساڵ و کوڕی جەعفەر، لە زیندانی ڕەجایی‌شاری کەرەج، جێبەجێ کرا.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران بڵاوی کردووەتەوە کە «سوهەیلا عابدی»، منداڵ ـ هاوسەر و بەندکراو لە زیندانی ناوەندیی سنە کە بە تۆمەتی «کوشتنی بەئەنقەست»ی هاوسەرەکەی، حوکمی قیساس (ئێعدام)ی بەسەردا سەپاوە، لەوانەیە بە زووترین کات لەسێدارە بدرێت.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان و کوژرانی ژنان:

پیاوێک لە ڕەوتی شەڕ و دەمەقاڵێ لەگەڵ هاوسەرەکەی بە ناوی «گوڵاڵە دەهار»، کچی عەلی و خەڵکی پیرانشار، ناوبراوی لە ماشینەکەی فڕێ داوەتە خوارەوە و بووەتە هۆی گیانلەدەستدانی.

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خەزەڵوەر، بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە، ژنێک لەلایەن هاوسەرەکەی، لە شاری «سونقووڕ و کولیایی» سەر بە کرماشان، کوژرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، سەربازێکی کورد بە ناوی «نەریمان شەهبازی»، دانیشتووی گەڕەکی «شەریفاوا»ی تیکاب، لە بەندەر عەباس بە چەک تەقەی لە خۆی کردووە و کۆتایی بە ژیانی هێناوە.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەرەیدوون باشتەک»، ٢٤ ساڵ، کوڕی یەحیا و خەڵکی گوندی «جەلیلە»ی شاری مەریوان، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.



